# ئەزموون و بنیاتی وێنەی ئاوەزی لە ئەفسانەی کوردیدا
# ئەفسانەکانی (شەوی گاڤارەوەکۆڵ و چەند ئەفسانەیەکی) گەرمیان بەنموونە


پ. د. دارا حەمید محەمەد
پشکا زمانێ کوردی- کۆلێژا پەروەردە- زانکۆیا گەرمیان- هەرێما کوردستانێ/ عیراق



**پوختە**

زمان و ئەفسانە دوو چەمکن پەیوەندییەکی پتەو پێکەوەی گرێداون، زمان کۆمەڵێك هێمای (زارەکی و نازارەکی)یە بەمەبەستی پەیوەندیکردن، لێکتێگەیشتن و گواستنەوەی بیر و گۆڕینەوەی دیدگا و تێڕوانینەکان بەکاردەهێنرێت، ئەفسانەش وەك ژانرێکی ئەدەبی هونەری گوزارشتکردنە لە بیر و هەست و سۆز و خەیاڵ و ئەندێشە بە شێوازێکی باڵا، کە کاریگەری لەسەر گوێگر – خوێنەر دەبێت، ئەفسانە چیرۆکێکی خەیاڵئامێزە، ڕوداوی سروشتی و زۆرجار ناکەتواری دوور لە ڕاستی لەخۆدەگرێت، بەڵام مرۆڤ زۆر جار باوەڕی پێدەکات، فۆرم و ستراکچەری ئەفسانەکان، کە هەڵگری بیر و هزر و مێژوو ڕووداوە ڕاست و ناڕاستەکانن لەڕێی زمانەوە پارێزراون و لە ئاوەزی تاکەکاندا گەنجکراون و گواستراونەتەوە. ئەم توێژینەوەیە بە پێڕەوکردنی(تیۆریی سکێمای وێنە) وەك یەکێك لە تیۆرییەکانی زمانەوانی درکپێکردن شیکاری زمانی و واتایی ئەفسانەی(شەوی گاڤارە وەکۆڵ )(١)ی یارسانی و چەند ئەفسانەیەکی گەرمیان دەکات .

ئەزموونە جەستەییەکانی مرۆڤ لە هەستکردن و درکپێکردن لەڕێی هەستەوەرەکانییەوە(بینین، بیستن، بەرکەوتن، بۆنکردن، تامکردن) لە دەوروبەردا سەرچاوەی وێنە ئاوەزییەکانن، بەجەستەکردنی جوڵەکانی مرۆڤ لە ئەفسانەدا بەو شێوەیەی ئەزموونی دەکات، لەگەڵ هەستکانیدا کارلێکدەکات و نەخشەی بەچەمکردن دەردەکەوێت و پێکهاتەی واتایی فەراهەمدەبێت، لەمڕووەوە لێکۆڵینەوەکە کارلێکەکانی هەستەوەرەکان و ئەزموونکردنی کردووەتە بناغەی ڕاڤەکردنەکان و بەپێی بنەماکانی تیۆریی سکێمای وێنەی ئاوەزی دەفری و وێنەی ئاوەزی جوڵەیی و وێنەی ئاوەزی گشت- بەش ڕاڤەی ڕووداوەکانی سامپڵی لێکۆڵینەوەکە دەکات.



**وشە سەرەکییەکان:** *ئەفسانە، درکپێکردن، ئەزموونکردن، سکێمای وێنە، وێنەی ئاوەزی.*

## پێشەکی

ئەفسانە ژێدەرێکی پڕ بەهای مەعریفەیە، ئەزموون و دونیابینی و بیرکردنەوە و تێڕامان و تێفکرین و تێگەیشتن لە بنەما سەرەکییەکانی کۆزانینن و دەکرێت، سەرجەمیان لە ئەفسانەوە سەرچاوەبگرن، بەمەش ئەفسانە دەبێتە بابەتێکی توێژینەوەی مەعریفی، لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی خستنەڕووی ڕۆڵی ئەزموون و تێگەیشتن و بیرکردنەوە لە بنیاتنانی وێنە ئاوەزییەکان لای تاکی دەدات.

## ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(ئەزموون و بنیاتی وێنەی ئاوەزی لە ئەفسانەی کوردیدا)یە، کار لەسەر ڕۆڵی ئەزموون و ئەفسانەی کوردی لە بنیاتنانی وێنە ئاوەزییەکان لای تاکی کورد دەکات،

## گریمانەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات، کە ئەزموون و چیرۆکە ئەفسانەییەکان سەرچاوەیەکی پڕ بەهان لە زەنگینکردنی وێنە ئاوەزییەکان لای تاکی کورد، هەروەها گریمانەی ئەوەش دەکات کە ئەو وێنە ئاوەزییانە لە کۆتاییدا ڕۆڵێکی باڵا دەبینن لە پێواژۆکردنی زمان و تێگەیشتن لە زمان چونکە سەرچاوەی درکپێکردن دەبن، لەڕێی ئەزموون و دونیابینی ، تێگەیشتن، بیرکردنەوە....تد . ئاخێوەرەوە .

توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١. چەمکی وێنە ئاوەزییەکان چییە؟
٢. بنەماکانی تیۆریی سکێمای وێنە چین؟
٣. چۆن ئەزموون و ئەفسانە دەبنە سەرچاوەی بنیاتی وێنەی ئاوەزی؟
٤. سنووری توێژینەوەکە

کەرەستەی زمانیی توێژینەوەکە زاری ناوەڕاستە، سامپڵی توێژینەوەکە چەند دەقێکی ئەفسانەیی گەرمیان و ئەفسانەی (شەوی گاڤارە وەکۆڵ)ی یارسانییە.

## میتۆدی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە بەپێی میتۆدی پەسنی شیکاری و بەپێڕەوکردنی تیۆریی سکێمای وێنە ئەنجامدراوە. بەپێڕەوکردنی تیۆریی سکێمای وێنە

**پەیکەری توێژینەوەکە**

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان، توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر سێ تەوەرەدا . بەمشێوەیە:

**تەوەرەی یەکەم:** کە بەناونیشانی سەرەتایەکی تیۆرییەوەیە، تیشک دەخاتە سەر چەند باسێك. وەك : ڕوونکردنەوەی چەمك و پێناسەی وێنەی ئاوەزی، سەرچاوەی بنیاتنانی وێنەی ئاوەزی، چۆنییەتی فراوانکردنی وێنەئاوەزییەکان .

**تەوەرەی دووەم:** بەناونیشانی پوختەی تیۆریی سکێمای وێنەوەیە، لەم تەوەرەدا سەرەتا سیما و تایبەتمەندییەکانی وێنە ئاوەزییەکان خراونەتەڕوو، لەباسێکی تری تەوەرەی دووەمدا پوختەیەکی تیۆریی سکێمای وێنە و بنەماکانی تیۆرییەکە باسکراون .

**تەوەری سێیەم:** بەناونیشانی جۆرەکانی سکێمای وێنەیە و تێیدا باسی سکێمای دەفر و سکێمای جوڵە و سکێمای گشت- بەش کراوە.

لەکۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان خراونەتەڕوو، لەگەڵ ئاماژەکردن بە ژێدەرەکان و پوختەیەکی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**تەوەرەی یەکەم: سەرەتایەکی تیۆریی**

**پاری یەکەم: چەمکی وێنەی ئاوەزیی**

زانستی زمانی درکپێکردن( cognitive Linguistics ) وەك لقێکی سەرەکی زانستی درکپێکردن لە پەیوەندی نێوان زمان و ئاوەز دەکۆڵێتەوە، ئەم دیدگا نوێیەی زانستی زمان ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو خرایەڕوو،(( لەساڵی (١٩٩٠) بەشێوەیەکی فەرمی (زانستی زمانی درکپێکردن) لەڕێگەی گۆڤارو کۆمەڵەی نێو دەوڵەتی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، کە بەپیتەکانی (ICLS) هێمای بۆ دەکرێت، وەك لقێکی سەربەخۆی زانستی زمانی گشتی ناسێنرا ))(قادر، ٢٠١٢: ٣٥ ).درکپێکردن کردەی ئاوەزییە، کار لەسەر پەیوەندی نێوان زمان و ئاوەز دەکات، هەربۆیە بەلای هەندێك لە زانایانەوە بە زانستی ئاوەزی ناسراوە. (( زاراوەی (درکپێکردن/ (Cognitive پەیوەستە "بەکردە ئاوەزییەکانی، وەك (کردەی زانین، پەیبردن، تێگەیشتن، بیرکردنەوە، فێرکردن، یادگە، وەبیرهێنانەوە، ئاگایی، ئەزموون، بەرجەستەکردن... تاد)، یاخود درکپێکردن کردەیەکی ئاوەزییە بۆ بەدەستهێنانی کۆزانیاری کە یەکەکانی پەیبردن و پێشبینیکردن و لۆژیك پێکیدەهێنن"))(حسێن، ٢٠٢١: ١١). درکپێکردن زانستێکە پشت بە ئەزموون و دونیابینی و تیگەیشتن...تد دەبەستێت.

وێنە ئاوەزییەکان وەك بابەتێکی گرنگی زمانەوانی درکپێکردن، پەیوەستن بە ئەزموونەکانی مرۆڤەوە، کە لە ژیاندا پێیاندا تێدەپەڕێت و شارەزاییان لێبەدەست دێنێت، سەرچاوەی دەستخستنی وێنە ئاوەزییەکانیش هەستەکانن، بەمەش کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە و دەوروبەری وەك پێویستییەکی ژیان وێنەی ئاوەزی بەرهەمدەهێنێت، بەپێی بۆچوونی جۆنسون، وێنە ئاوەزییەکان دەرئەنجامی درکپێکردنن، وابەستەی ئەزموونەکانن. بۆ زیاتر بڕوانە لە(احمد، حەسەن"٢٠١٧: ٥٧) ڕیچارد وینر، وێنە ئاوەزییەکان بە کۆمەڵێك هەست و بیر و باوەڕ و کارتێکردن دادەنێت، کە پەیوەستن بە ئەزموونەکانی تاکەوە،(الجبوري،٢٠١٠: ١٦١) .

زمانەوانی درکپێکردن کاردەکات بۆ بەرجەستەکردنی وێنە ئاوەزی و هزرییەکان لەشێوەی وێنەی هەستپێکراودا بەمەبەستی تێگەیشتن و نزیکردنەوە و پاشان چەسپاندنی وێنە هەستپێنەکراوەکان لە ئاوەزی وەرگردا. ئاوەزیش بریتییە لە کارلێکی نێوان خانە دەمارییەکانی پێکهاتەی مێشك((ئاوەز لەژێر خانە بێکۆتاییەکانی مێشکەوە دروست دەبێت و بەرهەمی ئەو پرۆسانەیە، کە لە مێشکماندا لە نێوان دەمارەکان و پەیوەندیەکانیاندا سەرهەڵدەدات و بە پێچەوانەی مێشکەوە کە بەشێکی بەرجەستەی بوونی مرۆڤە، ئاوەز بونێکی بەرجەستەی نییە و تەنیا تێگەیشتن و چەمکە. ئەم دەفرە چەمکییە، بەش و پێکهاتەکان لە ناواخنی خۆیدا هەڵدەگرێت، کە دەبێتە هۆی داڕشتنی ئاوەزمەندێتی ئێمە))(ابراهیم"٢٠٢٢: ٨) . ئاوەزمەندیش پێواژۆی بەگەرخستنی توانا ئاوەزییەکانە، کە لە بەکارهێنانی کۆدە زمانی و نازمانییەکانی هەڵگری ناوەڕۆکەکانی دونیابینی ، تێگەیشتن، ئەزموون، بیرکردنەوە ، پەیپێبردنن، سەرچاوەدەگرێت، ئەو ناوەڕۆکانەش سەرچاوەیەکی سەرەکی بنیاتنانی وێنەی ئاوەزیین .

وێنە ئاوەزییەکان دەکرێت لەڕێی هەردوو جۆری هێمای زمانیی(زارەکی ، نازارەکی)ەوە بنیات بنرێت ئەمەش تیۆریی جووت کۆد جەختی لەسەر دەکاتەوە((تیۆری جووت کۆد جەخت لەسەر هەبوونی وێنەدەکاتەوە، چونکە یارمەتیدەرە بۆ بەبیرهاتنەوە، لەبەرئەوەی بیرۆکەکان بەشێوەیەکی بینراوو وتراو بەکۆدکراوە، هەروەها وێنە دەبێتەهۆی ئەوەی ئاسانترو خێراتر زانیارییەکانمان بەبیربێتەوە، کە بەهۆیەوە قوتابیان دەتوانن لەڕێگەی وێنەوە ژمارەیەکی زۆر لەوشەی پەیوەست بەوێنەکانەوە بەدەستبهێنن، کەدەتوانرێت لەپرۆسەی خوێندندا سودی لێ وەربگیرێت)). (حەمەدئەمین"٢٠٢٣: ١٤٨) .

دۆزینەوەی وێنەی ئاوەزی گرنگترین دۆزینەوەی دەروونییە لەم سەدەیەدا. هەموو تاکێك بە ئاگاییەوە یان بەبێئاگایی، نەخشەیەک یان وێنەیەکی لە خۆی لە ئاوەزیدا هەڵدەگرێت، کە ئەم وێنەیە وێنەیەکی ئاوەزییە و بە هەموو وردەکارییەکەیەوە بوونی

هەیە. وێنەی ئاوەزی هەمان وێنەیەکە(تصور)، کە مرۆڤ لەسەر خۆی هەیەتی و لەسەر بنەمای بیروباوەڕەکانی لە خود بنیاتنراوە بەڵام بەبێئاگایی لەوەی ئەو بیروباوەڕانە لە ئەنجامی ئەزموونی ڕابردوو، سەرکەوتن و شکستەکان و مامەڵەکردنی ڕەفتاریانەی، کەسانی دەوروبەر بەتایبەت لە تەمەنی منداڵیدا چێوەیگرتووە.بڕوانە(مالتز، ١٤٠٢: ٢٦).

وێنە ئاوەزییەکان ڕەنگدانەوەی بیری ئاخێوەرانە (( وێنە هزرییەکان مەبەست لەو وێنانەن کە لە مێشکدان و نواندنیانە لە دونیای دەرەوەدا، واتە خستنەرووی بیری کەسەکانە بۆ دونیایەکی مادی لەدەروەی کەسەکان، هەموو ئەو ئەزموونە هزریانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بە هۆی هەستەکان و مامەڵەکردنی لەگەڵ دەوروبەردا بەدەستیهێناون، مرۆڤ لەکاتی پەیوەندیکردندا لە سەرنجەکان وردەبێتەوە، ڕێکیاندەخات، لەوێنەی هزریدا ناوەرۆکی بابەت و ڕووداوەکان دەچەسپێنێت،کە دواتر بەئاسانی توانای تێگەیشتنمان و درککردن دەبێت))(حەمە غەریب، اسماعیل، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە ٧ ل٣٥).

وێنەی ئاوەزی (Mental image)بنیاتنانەوەی جیهانی فیزیکی مرۆڤە لە ئاوەزیدا. ئەم کردارە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەزموونی تێگەیشتن لە شتێک، ڕووداوێک یان دیمەنێک دەگرێتەوە، کە لە کەتواردا هەستپێناکرێت. لە هەندێک بارو دۆخدا وێنەی ئاوەزی دەتوانێت هەمان کاریگەری ئەزموونی ڕاستەقینەی هەبێت. لەمڕوانگەیەوە وێنەی ئاوەزی بریتییە لە نواندنی ئاوەزی دیاردەیەک لە نەبوونیدا(غیابیدا).(Sternberg2008:344 ). مرۆڤ زۆرێك لە زانیارییەکانی نێو یادگەی بەشێوەی وێنەیەك دەهێنێتەوەیاد، بەهۆکاری ئەوەی، کە بەشێوەی وێنەیی گەنجیکردوون.

تەنها زانین و زانیاری بەس نین بۆ بنیاتنانی وێنەی ئاوەزی بەڵکو ئەزموونیش ڕۆڵی سەرەکی لەو بابەتەدا دەگێڕێت، گۆڕینی وێنەی ئاوەزی، بە هەر ئاراستەیەك بێت، بۆ مەبەست و ئاراستەی باشتربوون یان خراپتر بوون، تەنها لە زانینەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو دەرئەنجامی ئەزموونکردنە. ئەمەش بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، وێنەی ئاوەزی دەرئەنجامی ئەزموونە داهێنەرەکانی ڕابردووە، بەم هۆیەشەوەیە، کە مرۆڤ دەتوانێت بیگۆڕێت. بۆنموونە منداڵ (خەمخواردن، ترس، دڵەڕاوکێ، خۆشەویستی)وەك وانەیەك لە ژیانیدا وەرناگرێت، بەڵکو ئەو منداڵەی، کە ئەزموونی ترس یان خۆشەویستی دەکات، لەگەڵ مرۆڤێکی پێگەیشتوو یان بەپێچەوانەوە دەگۆڕێت. (مالتز، ١٤٠٢: ١٨).

پەیوەست بەم لایەنەوە وێنەی ئاوەزی بریتییە لە کۆمەڵێک وێنە لە ڕواڵەت وەك واتای فەزایەک لە ئاوەزی تاکدا دروستدەبێت.(Trieb, 1974:73 ). و لەمەشەوە وێنەی ئاوەزی

بنەمای سەرەکی کەسایەتی و ڕەفتاری مرۆڤە، چونکە بە گۆڕانی وێنەی ئاوەزی کەسایەتی و ڕەفتاریش گۆڕانی بەسەردا دێت.

هەرچەندە وێنەی ئاوەزی وێنەیەکە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت، کە تەنیا بە زانیارییە بینراوەکان سنووردار بکرێت، بەڵکو هەموو تایبەتمەندییە فیزیکی و نافیزیکییەکانی دیاردە و دەوروبەرمان لەخۆدەگرێت و هەموو ئەو واتا و هەست و سۆزانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستە بە بیرهێنانەوەی ئەو دیاردەیە لە ئاوەزماندا. (Francis T, Mc Andrew, 2014, 47). بەمەش ئەم وێنەیە تەنها وێنەیەکی بینراو لە دۆخێکی دیاریکراو لە فەزایەکدا نییە، بەڵکو کۆمەڵێک زانیاریی بینراو، بیستراو، بەرکەوتن، بۆنکردن..... هتد لەگەڵ واتا و هەستەکانی تاك دەگرێتەوە. کاتێک مرۆڤ چەندین جار ئەزموونی فەزایەک دەکات یان ئاشنای دەبێت، ئەم وێنانە نەك تەنها وێنەیەکی جێگیر، بەڵکو لەشێوەی سیناریۆ و فیلمێک لە ئاوەزیدا تۆماردەبن.

ئاوەز توانای بیرکردنەوە و تیگەیشتن و پێکهێنەرە لۆجیکییەکانە، ئاوەز توانای بنیاتنانی جیهان بە مانای جیهان بە تاك دەبەخشێت.(بۆ زیاتر بڕوانە(مەرگەیی،٢٠٢٤: ١٥٦) بەپێی ئەم توانا ئاوەزییە، مرۆڤ دەتوانێت لەو ژینگەیەی، کە بینیویەتی یان تێیدا بووە، وێنەیەك/یادگارییەك دروستبکات و وێنە و دەنگ و تەنانەت هەستەکانی پەیوەست بە بەرکەوتن و تام لە ئاوەزیدا تۆماربکات. بۆیە ئەگەر پێویست بوو بەشێک لەو یادگاریانە هەڵدەبژێرێت و پێداچوونەوەی بۆ دەکات، لەسەر بنەمای ئەمەش ئەگەر هەڵگرتنی زانیاری لە دەوروبەرێك یان دیاردە و ڕووداوێك بە باشی لە ئاوەزی تاکدا ڕووینەدابێت، ئەستەمە بتوانرێت ئەو زانیاریانە بەکاربهێنرێت بۆ بیرهێنانەوە و ناسینەوەی دەوروبەر و دروستکردنی وێنەیەکی ئاوەزی تەواو، لە ئەنجامدا ئەگەری درککردنی تاك بۆ دیاردەکە کەمدەبێتەوە. بەمپێیە ڕەفتاری مرۆڤ دەرئەنجامی پێداویستییەکان، پاڵنەرەکان، دەوروبەر، پەیپێبردن، وێنەی ئاوەزی و دواجار ئەو واتایەیە، کە لە دەوروبەر دروستیکردووە.(پاکزاد و بزرگ، ٢٠١٥: ٢١٧-٢١٨).

وێنە ئاوەزییەکان بەرهەمی ئەزموونکردنی مرۆڤە لە ژیاندا، کە دەبێتە هۆی فراوانبوونی کۆزانین و زەنگینبوونی فەرهەنگی ئاوەزییان، دواتر و لەپێواژۆی بەدەستهێنانەوەی زانیارییەکاندا ڕۆڵی باڵا لە بنیاتنانی تێگەیشتن لای مرۆڤ دەبینن((مرۆڤەکان بەتێپەڕبوونی کات و ئەزموونکردنیان لەگەڵ دەوروبەر و کلتووردا کۆزانیارییان فراوانتردەبێت ، وێنەی هزری و شارەزایی و لێهاتووییان فراوانتردەبێت، دەتوانن لێهاتووانەتر مامەڵەبکەن و سود لەئەزموونەکان وەربگرن، ئەزموون بنەمایەکی گرنگە بۆ دەربڕین و درکپێکردن و لێکدانەوەی واتا، بەهۆی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانییەوە

دەتوانێت لێکدانەوەو درکپێکردنەکانی لەوێنەی جیاوازدا بخاتەڕوو))(حەمەغەریب"٢٠٢٢: ١٩٢). وەك نموونەی ١.

**نمونەی ١- دێو وتی: ئەمە چەند ساڵە من تۆم هێناوە، هەموو جارێك پارچەت ئەکەم و ئەتخەمە ناوتوورەکەوە بۆ ملم بۆ نادەیت و شووم پێناکەیت؟ کچە بە دەم هەنسك و گریانەوە وتی: سەد ئەوەندەی تر پارچەم بکەیت ئازارم بدەیت شووت پێناکەم**(ڕۆژبەیانی، ٢٠٢٢ : ٤٦)

لەنموونەی (١)دا (دێو) خاوەنی وێنەی ئاوەزییە لای مرۆڤ، ئەو وێنانەش بەهۆی ئەزموونەکانییەوە بنیاتنراوە، کە لە ئەفسانەکانەوە سەرچاوەیانگرتووە، کە دێو بوونەوەرێکی خاوەنی بوونن و بەشێکیان باش و هەشیانە زیانبەخش و خراپەکارن . بەمەش وێنەی ئاوەزیی ئەرێنی و نەرێنی هەمبەر بە (دێو) لە ئاوەزی تاکی کورددا بوونیان هەیە . دیوە ئەرێنی و نەرێنییەکانی وێنە ئاوەزییەکان پێکەوە گەنج دەکرێن، ئەوەی جیایان دەکاتەوە ئەو هەڵوێستەیە کە ئاخێوەری تێدایە و و زانیاری و وێنە ئاوەزییەکان بەدەستدێنیتەوە.

**پاری دووەم: سەرچاوەی بنیاتنان و فراوانبوونی وێنە ئاوەزییەکان**

وێنە ئاوەزییەکان لەچەندین کەناڵی ناوەکی( in put) و دەرەکی( out put) ەوە سەرچاوە دەگرن، کارلێکی بەردەوامی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە و دەوروبەریدا بە مەبەستی دەستخستنی پێداویستییەکانی ژیان، ژێدەرێکی پڕ بەهای وێنە ئاوەزییەکانن. بەمەش ڕەگەزەکانی: زانین، پەیبردن، تێگەیشتن، بیرکردنەوە، فێرکردن، یادگە، وەبیرهێنانەوە، ئاگایی، ئەزموون، بەرجەستەکردن....تد سەرچاوەکانی وێنە ئاوەزییەکان پێکدەهێنن . وەك هێڵکاری ژمارە(١) .

هێڵکاری ژمارە (١)




سەرچاوەکانی بنیاتنانی وێنەی ئاوەزی

هێڵکاری(١) ئەوەمان پێدەڵێت، کە سەرچاوەکانی بنیاتنانی وێنە ئاوەزییەکان دەکرێت، فراوانبکرێن، بۆنموونە ئەزموونەکان و تێکردە زمانی و نازمانییەکان وەردەگرین، هەردوو جۆری هێمای زمانی و نازمانی بەشێوازی جیاواز دەنوێنرێن و دەبنە سەرچاوەی بنیاتنانی وێنەی ئاوەزی لای ئاخێوەر((هەریەك لەم دوو کۆدە، بەپێی ئەو هەستانەی کە بەهۆیانەوە پەیدابوون نواندنی جیاوازییان لەئاوەزیی مرۆڤدا هەیە، نواندنە بینراوەکانی کۆدی زارەکیی، یەکە زمانییەکان وەك ئەوەی دەبینرێن، دیاریدەکرێن وەك پیتەکان، وشەکان و فرێزەکان، بەهەمان شێوە نواندنە بینراوەکانی کۆدی نازارەکیی فۆڕمە نازمانیەکان وەك ئەوەی دەبینرێن دیاریدەکرێن، کە دیمەن و وێنەکان دەگرێتەوە، نواندنە نەبیستراوەکانی کۆدی زارەکیی، یەکەکانی ئاخاوتن، چۆن دەبیسترێن بەو جۆرە دیاریدەکرێن وەك فۆنێم و وشەگۆکراوەکان، کەواتە لەم تیۆرەدا "کۆدی زارەکی (وشەکان) لەگەڵ کۆدی نازارەکی (وێنەکان) پێکەوەبەستراون، بەهۆی ئەم پێکەوە بەستنەوەیەوە وێنەکان بەوشەکان و وشەکان بەوێنەکانەوە بەستراونەتەوە" (ئیبراهیم، ٢٠١٩: ٦٢ - ٦٣). بۆ نموونە بەبیستنی کۆدی زمانی (بەهار) ڕاستەوخۆ وێنەی بینراوی (ئەرێنی و نەرێنی)ی (بەهار)، کە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا گەنجکراوە دێتەوە یادی گوێگر، بۆ نموونە دەکرێت دیوی ئەرێنی (بەهار) لەفەرهەنگی ئاوەزی تاکی کوردا بەمشێوە تۆمارکرابێت و پێکهاتبێت لە: سروشتی ڕازاوە، هەوای فێنك، گەشت و سەیران، خۆشی و هەڵپەڕکێ، هەندێ گیای بەسوودی بەهارە وەك( پیچك، ڕێواز...تد، هەندێ خواردنی تایبەتی بەهارە وەك: کالانە، ماستی مەڕ، لایەنی نەرێنی (بەهار ) دەکرێت پێکهاتبیت لە: بارانی بەخوڕی بەهارە و لافاو، ڕووداوی نەخوازراوی گەشتیاران، خنکانی گەشتیاران لە ئاوی ڕووبارەکان..هتد، لێرەدا کۆدی زارەکی (بەهار) و وێنەیەکی بینراوی ئەرێنی و نەرێنی بەیەکەوە بەستراونەتەوە)).بۆ زیتر بڕوانە(حەمەدئەمین"٢٣: ١٤٨) : ئەزموونە جەستەیی و هزرییەکان سەرچاوەیەکی گرنگی دەستخستنی واتان(( سێمانتیکی درکپیکردن cognitive semantic، وەك لقێکی زمانەوانی درکپێکردن، لە هەوڵی لێکدانەوەی واتایە لەسەر بنەمای ئەزموون و دونیابینی ، کۆزانین، شارەزایی، بیرکردنەوە، ئەزموونی جەستەیی، توانا و لێهاتوویی...تد. بەوپێیەش واتا لەسەر بنەمای دروستەی چەمکی دامەزراوە، دروستە چەمکییەکان concept structuerکەتیگۆرییە ئاوەزییەکان دەنوێنن، کە مرۆڤ بەپێی ئەزموون چێوەبەندی کردوون)) (جەهابەخش،٢٠٢٤: ). بەو پێیەی واتا بنەمایەکی سەرەکی بنیاتنانی وێنەی ئاوەزییە، هەربۆیە فراوانبوونی واتای دروستە و دەربڕاوە پشتبەستوو بە ئەزموون و دونیابینی،. تێگەیشتن، بیرکردنەوە.....تد)زمانییەکان فراوانبوونی وێنە ئاوەزییەکانی لێبەرهەمدێت . با بڕوانینە نموونەی (٢ )

نمونەی ٢- **جووتە خوشك ڕۆیشتن تا گەیشتنە ناو جەنگەڵ، جەنگەڵ چ جەنگەڵ، تا بڵێی چڕ و تاریك، لە ناو دارستانەکەدا قوڕ و زەلکاوێکبوو، هەرچی تێبچووایە دەخنکا، خوشکی گەورە بەمەی دەزانی بەڵام خوشکی بچووك نەشارەزابوو، خوشکی گەورە بە خوشکی بچووکی وت، بڕۆ لەو گوڵانە هەندێ گوڵی جوان بهێنە، خوشکی بچووکی دڵپاك چوو، لەپڕ قاچی داچوو، تا پشتێنەی قوڕهات.**( ڕۆژبەیانی،٢٠٢٢: ٦٤ ).

لە نموونەی (٢)دا دەربڕینەکانی (جەنگەڵ ، تاریك، قوڕ ، زەلکاو، گوڵ، قاچ، پشتێنە) خاوەنی وێنەی ئاوەزیین و لە فەرهەنگی ئاخێوەری کورددا بە وێنەکانیانەوە گەنجکراون. بەڵام بەپێی ئەزموونی تاك و توانای ئاوەزیی پشتبەستوو بە شارەزایی و لێهاتوویی لە بەکارهێنان و تێگەیشتن و ئەزموونی دووبارە، هەمان ئەو دەربڕینانە دەکرێت سەرچاوەی دەیان وێنەی ئاوەزی نوێ بن ئەمەش چەند تیۆرییەکی زمانەوانی درکپێکردن جەختی لەسەر دەکەنەوە وەك تیۆریی سکێمای وێنە و تیۆریی فەزا ئاوەزییەکان و تیۆریی میتافۆری چەمکی....) بۆ نموونە: وشەی جەنگەڵ خاوەنی وێنەیەکی ئاوەزی فەرهەنگییە و مانای دارستان دەگەیەنێت، بەڵام بەپێی ئەزموونی تاك دەکرێت چەندین وێنەی دی لێبەرهەمبێت . بۆنموونەا- لە جەنگەڵستاندا دەژیم . ب- لێرە یاسای جەنگەڵستان پێڕەو دەکرێت.

لە نموونەکانی( ا-ب) دا جەنگەڵستان کە خاوەنی واتایەکی فەرهەنگی و وێنەیەکی ئاوەزییە، بەڵام لەبەرئەوەی واتا زۆرجار بەپێی دەوروبەر بنیاتدەنرێت. هەربۆیە بنەماکانی تیۆرییەکانی(سکێمای وێنە، فەزا ئاوەزییەکان(فۆکۆنەر) بانگەشەی ئەوە دەکەن، تێگەیشتنی واتا تەنها لە تێگەیشتنی واتای ڕستە کورت نابێتەوە و تەواوی واتای ڕستە لە زانینی واتای وشەپێکهێنەرەکانی چنگناکەوێت، بەڵکو مەبەستە گرنگەکە، لە بنیاتنانی واتا لە ڕێگای ڕستەوە دەبێت، کە هەمان پرۆسەی بەچەمککردن دەنوێنێت. بەم شێوەیە، واتای دەربڕاوێك لە وشەپێکهێنەرەکانیدا نەشاردراوەتەوە، بەهیچ شێوەیەك، تەنها بەتێگەیشتن و زانینی واتای وشەکانی دەربڕاوێك، ناتوانرێت تێگەیشتن بێتەئارا. وشەکان بەتەنیایی و جیا لە کۆزانیاری و پرۆسە درکپێکراوەکانی مرۆڤ، ناتوانن واتا ببەخشن. (Turner,1991:206). لەبەرئەوە جەنگەڵستان مەبەست و واتایەکی نوێ دەگەیەنێت، بەمشێوەیە: لە (ا) وێنەی ماڵێك/ وڵاتێکی وێران و کاول لە ئاوەزی تاکدا بنیاتدەنێن و لە (ب)دا وێنەی یاسایەك، دەسەڵاتیکی نادادپەروەر، کە تێیدا بەهێز هەمیشە براوەیە هەژار و بێکەسیش مافخوراو بنیاتدەنێت، بەمەش بە ئەزموونکردن سوود لە سەرچاوەیەکی فیزیکی کە شوێنێکە وەرگیراوە بۆ بنیاتنانی وێنەیەکی ئاوەزی نوێ لای تاك. بەوشێوەیە دەوروبەری زمانیی و فیزیکی بوون بە سەرچاوەی فراوانبوونی وێنەی ئاوەزی وشەی(جەنگەڵ) . ئەم وێنە

نوێیانە لە ئەزموونی تاکەوە سەرچاوەدەگرن، کە توانای بەراوردکردنی شوێنی ژیانی کردووە لە واتای فەرهەنگی جەنگەڵ و دەستنیشانکردنی بەشێك لەسیما واتاییەکانی وشەکە لە چەند شوێنێکی دی وەك( ماڵ ، وڵات ، یاسا ، دەسەڵات) . واتە وێنە ئاوەزییەکان وەك چۆن پێشتر لە ئاوەزدا گەنجکراون دووبارە لە شێوەی هێمای وابەستە بە چەمکی نوێوە وێنەی نوێی لێبەرهەمدێت، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، کە وێنە ئاوەزییە بنیاتنراوە نوێیەکان لەسەربنەمای ئەزموون و شارەزایی و پاشخانی زانیاری لای قسەکەر وگوێگر بنیاتدەنرێن .بۆزیاتر بڕوانە(حسێن، ٢٠٢٢: ٤٦) بۆنموونە وشەی(قوڕ) لە نموونەی (٢)دا خاوەنی وێنەیەکی ئاوەزیی گەنجکراوە، بەڵام ئاخێوەر بە پشتبەستن بە پاشخانی زانیاری و مەعریفی خۆی دەتوانێت چەند وێنەیەکی نوێ بە بەکارهێنانی لە دەوروبەری جیاوازدا لێبەرهەمبهێنێت وەك نمونەکانی ٣-٤- دیارە، قوڕ گیراوە یان تێکەڵەیەکە لە ئاو و خۆڵ کە مچ دەبێت و بۆ خشت و خانو دروستکردن بەکاردێت بەڵام با لە نموونەکانی ٣-٤- بڕوانین.

٣- قوڕ کرا بەسەریدا.

٤- لەقوڕا چەقی.

لە نموونەی (٣)دا قوڕ خاوەنی وێنەیەکی ئاوەزی ئەبستراکتە چەمکەکانی لێقەومان، دۆڕاندن، کارەسات، لەدەستچوون...دەنوێنێت، و لە (٤)دا وێنەی ئاوەزی چەمکەکانی گرفت و کێشە لە ئاوەزدا دەنەخشێنێت . هەردوو وێنەی ئاوەزی ئەبستراکتی (قوڕ)، کە لە فۆرمی(کارەسات و لێقەومان...تد)دا نوێنراوە لە وێنە فیزکییەکەی (قوڕ)ەوە سەرچاوەیانگرتووە.

کەلتوور سەرچاوەیەکتری پڕبەهای فراوانبوونی وێنە ئاوەزییەکانە، کەلتور هەموو بابەت و بەرهەمە کەلتورییەکان، کار و کرداری کەلتوری و سەرهەڵدانی بواری کردەیی و ئاوەزی و ئاکارییەکان دەگرێتەوە، کەلتور ناوێکی گشتییە سەرجەم کردار و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییە بەدەستهێنراوەکان دەگرێتەوە کە لەڕێی هێماکانەوە دەگوێزرێنەوە، چونکە کەلتور ناوێکە بۆ هەموو دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ لە زمان هونەر، زانست، یاسا و دەسەڵات و بەها و داب و نەریتەکان، بیروباوەڕ و ئایین، کارە دەستییەکان(الخلیل"٢٠١٦: ٧٩) هەموو ئەوانەش چ وەك تێکردە و چ وەك دەرکردە دەبنە سەرچاوەی بنیاتنانی وێنەی ئاوەزی لای تاك و کۆمەڵ، با لە نموونەی(٥) وردبینەوە

نمونەی٥ –**شەوی گاڤارە وەکۆڵ، سەرەتای بەهاری کوردی، گەرمیانیان لە ساڵانی زۆر کۆنی ڕابردو، کوردانی یارسانی تاکو ئێستاش دوایین ئێوارەی زستانی گەرمیانی، واتە شەوی سیهەمین ڕۆژی بەفرانبار بە پیرۆز دەزانن، وێڕای ڕێکخستنی جێژن و دابەشکردنی**

**نەزر و نیاز و پێکهێنانی جەم لە جەمخانەکاندا دەستدەکەن بە پەرستشێك بە زمانی کوردی بە نێو شوکر گوزاری لە خوای مەزن و فریشتەی بەهار، واتە داودی کەوسوار بۆ بەخشینی خێر و بەرەکەتی کشتوکاڵی بەخەڵك.** گێڕانەوی زەحمەتکێش ٢٠٢٤

لە نموونەی (٥) دا کە چیرۆکێکی ئەفسانەییە، دەربڕینەکانی ( گاڤارە وە کۆڵ، گەرمیانیان، کوردانی یارسان، زستان، جێژن، جەم ، جەمخانە....تد) هەن کە بەشێکی کەلتووری کوردی و بەتایبەتی یارسانی پێکدەهێنن، دەربڕینەکان خاوەنی وێنەی ئاوەزیین و وێنەکان لە ئەزموون و کەلتووری کوردییەوە سەرچاوەیانگرتووە .

بەپێی بۆچوونی رایموند ولیامز کە باسی کەلتوری بەریتانیا دەکات، کەلتوور تەنها ئەوە نییە ، کە لە زانکۆکانی کامبردج .....دا دەخوێنرێت یان لە مۆزەخانەکاندا نمایش دەکرێت، ئەو پێی وایە کەلتور لەوە فراوانترە و لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکیی و ئاوازە میللییەکانیش دەگرێتەوە، بەردەوام دەبێت و مەبەستی ئەوەیە بڵێت کەلتور هەموو شانازییەکانی میللەت و گۆرانییەکان و ژیانی لادێ و بەرهەمەکانی شکسپیریش دەگرێتەوە(محەمەد"٢٠٢٢: ١٩). کەواتە گۆرانی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و سیماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.... تد وەك پایەیەکی گرنگی کەلتوور سەرچاوەیەکی گرنگی وێنەئاوەزییەکانی تاك و کۆمەڵن. وەك نموونەی ٦.

نمونەی ٦- **کوڕی پاشا بە منداڵەکەی وت :- وەرە ڕۆڵە نان بخۆ.**

- **هەتا ئەم کۆترە(دارینەم) نان نەخوا من نان ناخۆ.**
- **ڕۆڵە دار چۆن نان ئەخوا؟منداڵەکە : ئەی دایك چۆن منداڵی خۆی سەرئەبڕێ؟**

**کوڕی پاشا ئەمەی بیست، پەلاماری کوڕەکەی دا وگرتییە باوەش و تێرتێر ماچیکرد، ناوچاوانی ژنەکەشی ماچکرد، بەیەك شادبوونەوە، گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، حەوت ڕۆژ و حەوت شەو دەهۆڵ و زوڕنا لێدرا و شاییان گێڕا .** (ڕۆژبەیانی،٢٠٢٢: ٦٢) .

لە نمونەی (٦ )دا دەربڕینەکانی( دەهۆڵ ، زوڕنا ، شایی) کە بەشێکی فۆلکلۆری کوردین، وێنەی ئاوەزیشیان لە ئاوەزی تاکی کوردا نەخشاوە، واتە ئەو دەربڕینانە و دەیان دەربڕینی تری بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و کەلتوور و کەلەپووری کوردی سەرچاوەی بنیاتنانی وێنەی ئاوەزیین لە ئاوەزی تاك و کۆمەڵی کورددا .

بەلای هدسنەوە کەلتور دووبەشە، بەشێکی وەرگیراوە و تاك لە کۆمەڵەوە وەریدەگرێت و پانتایەکی یادگە memoryدەگرێتەوە، بەشێکیتری لە ئەزموونی تاکەکەسییەوە سەرچاوە دەگرێت، دەکرێت، دواتر بگشتێنرێت و لە ناو کۆمەڵدا

جێگیربێت، وەك دەربڕراوە چەسپاوەکان لە پەند و ئیدیەم.بۆزیاتر بڕوانە(سورخی،٢٠٠٦: ١١١)،(حەمەڕەشید، ٢٠١٣: ١٠٧) . کەلتور کۆی زانیاری و دونیابینی و ئاوەزمەندی و مەعریفەی تاکەکانی کۆمەڵە کە بەدرێژایی ژیانیان کۆیانکردوەتەوە و بەکاریانهێناوە و سیماو خەسڵەتی تایبەتی کۆمەڵەکەی گرتووە و پێی ناسراونەتەوە و لەوانی دی جیایان دەکاتەوە بۆنموونە با لەڕەنگی ڕەش بڕوانین لە نمونەکانی٨ ا-ب-پ-.

١٨- بەخت و نێوەچەوانی ڕەشم

ب- ڕۆژی ڕەشمان زۆر بەڕێکرد

پ- هەموو بەڕوو ڕەشی دەچینە بەردیوانی خودا(ڕۆژبەیانی،٢٠٢٢: ٧٣)

لە نموونەی(٨)ڕەنگ وەك سەرچاوەیەکی بنیاتنانی وێنەی ئاوەزی دەردەکەوێت، ئەمەش بەپێی کۆزانیاری پێشینەیی و دونیابینی گوێگر دەبێت. هۆکاری ئەوەی، کە گوێگر لەڕێگای ڕەنگێکی وەك(ڕەش) بەو واتایانە دەگات ئەوەیە، لە ئاوەزیدا، دوو چەمك دروستدەبێت هەرچەمکێکیشیان خاوەنی وێنەی ئاوەزی خۆیەتی، یەکەمیان گوزارشت لە کەتواری جیهانی دەرەوە دەکات، ڕەنگێکی وەك ڕەنگی ڕەش هەیە، چەمکی دووەمیش، لە دونیابینی ئاخیوەرەوە سەرچاوەدەگرێت و ئەو واتایانە فەراهەمدەبێت. بەمەش ڕەگەزە پەیوەندیدارەکان چەمکەکانی ڕەنگی ڕەش لە نموونەکانی( ٨- ا-ب-پ-) لەڕێگای ئەرکی پراگماتیکیانە، واتە(ڕەنگ و زۆرداری، شوومی، دەمپیسی، ڕەنجەڕۆیی، تاڵی، شەرمەزاری، هەژاری، خراپی، بێبەختی، نەگبەتی ...تد)پێکەوە دەبەسترێنەوە و لەنێوان ئەو چەمکانە پەیوەندی دێتەکایەوە و گوێگر لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە لە مەبەستەکە تێدەگات، لەهەمان کاتیشدا دەبنە سەرچاوەی بنیاتنان و فراوانبوونی وێنە ئاوەزییەکانی گوێر پەیوەست بە ڕەنگی ڕەش بۆ زیاتر بڕوانە(جەهابەخش،٢٠٢٤: ١٤٥ ).

هۆشیاری و داهێنانەکان زۆرجار لە بیرکردنەوەی ئەفسانەئاساوە سەرچاوەدەگرن، ناوەڕۆکی ئەفسانە بیرێکی باو لە قەوارەیەك نیشان ئەدا پەیوەندی بە دیاردەکانی سروشت و ڕووداوە مێژووییەکانەوە هەیە، (ناوخۆش،٢٠١٦: ٢٣)میکانیزمی سەرەکی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی هزرە فەلسەفی و ئەندێشە و ڕووداوە مێژووییەکانی ئەفسانە هێما زمانی و نازمانییەکانە، کە دواجار دەبنە سەرچاوەی بنیاتنانی وێنە ئاوەزییەکان. .. کۆدە زمانییەکانی هەر وشە و دەربڕینێك هۆکاری بیرخستنەوەی چەندین وشەی ترن، کەپەیوەستە بەو بابەتەوە، بۆ نمونە کۆدی زمانی(پاڵەوان) پەیوەستە بە(شەڕ ، توانای لەڕادەبەدەر، سەرکەوتن بەسەر ئاژەڵی دڕندە و دەستەمۆکردنیان.....تد). سەبارەت بەکۆدی نازمانیش، کەبەهۆی یەك هەست یاخود هەستی جیاوازەوە دروست بووە، بۆنمونە بیستنی وێنەی (پاڵەوان) سەرجەم وێنەکانی پەیوەستن بە پاڵەوانەوە دێتە پێش چاوی، وەك (مرۆڤێکی نائاسایی و

زەبەلاح، شمشێر و تیر ، رم ، ....هتد)، بۆ زیاتر بڕوانە(حەمەدئەمین"٢٠٢٣: ١٤٨) . لەوڕووەوە توێژینەوەکە کاری لەسەر ڕۆڵی زمان لە پاراستن و گواستنەوەی ئەفسانە و واتای ئاشکرا و شاراوەی پشت دەقەکانی ئەفسانەکان کردووە، ئینجا چۆنییەتی نەخشاندنی وێنەی ئاوەزی لەسەر بنەمای واتا ئاشکرا و شاراوەکانی ئەنفسانەکان.

وێنە ئاوەزییەکان دەرئەنجامی ئەزموونن، بەلام بەبەراورد بە هێڵکارییەکانی(سکیما)وێنە، پەیوەستەگیی ئەزمونیان کەمترە، چونکە مەرج نییە هێڵکارییە(سکیما) وێنەییەکان لەیەك ئەزموونەوە بەرهەمبێت((وێنە ئاوەزییەکان ڕادەیی ئەبستراکتیان لە هێڵکاریە وێنەییەکان کەمترە، هێڵکارییە وێنەییەکان قوڵتر و ئاڵۆزترن، ناتوانرێت تەنها لەڕێگەی یەک هەستەوە ئەزمون بکرێن، بۆ نموونە کاتێک کەسێک دەیەوێت لەڕێگەی خوێندنەوە خۆی فێری یاساکانی کاری بێژەری بکات، جیاوازە لە کەسێک کە دەیەوێت خۆی فێری هەمان یاسا بکات، لەڕێگەی کاری پراکتیکییەوە، چونکە ئەوەی لەڕێگەی پراکتیکییەوە خۆی ئەزموندەکات هەستی جیاواز لە ئەزمونکردنەکە بەکاردەهێنێت)).( سەرچاوەی پێشوو: ١٤٢)

وێنە ئاوەزییەکان لە زمانەوانی درکپێکردندا وێنەکانی کەتوار بەهاداردەکەن بەڕادەیەك وێنەکانی کەتوار و وێنە ئاوەزییەکان هاوتادەکەن ((درکپێکردنەکان لەمێشکدا چالاکدەکرێن و هەڵدەسەنگێندرێن، زانستی زمانی درکپێکردن وێنەکاری و وێنەی ئاوەزیی لەگەڵ یەکتریەیکاڵ دەکات، چونکە هەردووکیان وێنەن و بەرەوبینین و تێڕوانینی تازەمان دەبەن(ئاڤێستا کەمال محمود، ٢٠١٣، ل٨)، هەروەها بڕوانە(بەهرە سەلام، شیلان احمد اسماعیل، ٢٠١٩) ئەمەش بەڕوونی لە تیۆریی جووت کۆددا دەردەکەوێت، (جووت کۆد Doulcoding) کە تێیدا پێڕەوی هەردوو جۆری هێمای زمانی و نازمانی دەکرێت، چالاکانەتر بنیاتدەنرێن، بەوپێیەی وێنەکانی کەتوار لەڕێی هەستی بینینەوە زووتر دەگەنە ئاوەز و گەنجدەکرێن، وەك لە هێڵکاری ژمار(٢)دا دەردەکەوێت .




هێڵکاری ژمارە ٢

لە زانستی زمانی درکپێکردندا گرنگی دەدرێت "بەکۆزانیاریی، کۆزانیاریشknowledge بەدروستبوویەکی ئەنجامی کارکردن و کارلێکردنی ئاوەز و جەستەی مرۆڤ بەیەکەوە دەستنیشاندەکات، جەستەی مرۆڤ ئەزموونی دەوروبەرو جیهانی دەرەوە دەکات و پاشان ئەو ئەزمونانە لە شێوەی وێنەی ئاوەزیدا گەنجدەکرێن و دواتر دەبن بەشارەزایی و بەهۆی زمانەوە ئەم ئەزموون و شارەزاییە بەکۆد دەکرێن، لێرەدا زمان ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ئاوەزو جەستەی مرۆڤە، چونکە تەواوی زانیارییەکان، کە لەڕێی هەستەکانەوە بەدەستدێن لەڕێی پرۆسەی بەکۆدکردنەوە لە ئاوەزدا گەنجدەکرێن و هەر لەڕێی کۆدی زمانیشەوە بەدەستدەهێنرێنەوە، گرنگی کۆزانیاریی لەم زانستەدا بەجۆرێکە کە زمان وەك کۆزانیاریی زمانی تەماشادەکات و لێکۆڵینەوە لە زمان دەبێت لە ڕوانگەی ئاوەزو زمان و ئەزموونەوە سەرچاوە بگرێت. زانستی زمانی درکپێکردن تەنها زانستە، کە بتوانێت لەڕێگەی گریمانەو شیکردنەوەکانییەوە پەیوەندی نێوان ئاوەزو جەستەو شارەزایی لەکۆزانیارییدا شیبکاتەوە، هەر لەم زانستەشدا کۆزانیاریی ئاوەزیی یەکسان و پەیکاڵ دەبێت بەکۆزانیاریی زمانی، کۆزانیاریی زمانیش لەبەکارهێنانی زمانەوە پەیدادەبێت، بەم پێیە پۆلەکان، پێکهاتە سیمانتیکی و سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییەکان لەدرکپێکردن و پەیبردنەکانی مرۆڤەوە لەبونەو بەکارهێنانە جیاوازەکانی زمانەوە پەیدادەبن" بۆ زیاتر بڕوانە(ئیبراهیم، ٢٠١٩: ٣٣).

**پاری سێیەم: سیما و تایبەتمەندییەکانی وێنەی ئاوەزی**

وێنە ئاوەزییەکانی هەڵگری چەند سیما و تایبەتمەندییەکن، دەکرێت لە چەند خاڵێکدا بیانخەینەڕوو:

**یەکەم:** سیمانتیکی درکپێکردن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەرچاوەی وێنە ئاوەزییەکان، بیری گەلاڵەبووە لای مرۆڤ، ئەو بیرانەی لە ئەزموونەکانەوە دەستدەخرێن، هەرکە ئەو بیرە وەك ئەزموونێك گشتێنرا و پەسەندکرا ئەوکاتە شێوەی واتای بنەڕەتی وەردەگرێت و لە فەرهەنگدا دەچەسپێت، بەمەش وێنە ئاوەزییەکان دەکرێت هەڵگری واتایەکی فەرهەنگیبن.(احمد و حسن،٢٠١٧: ٥٧). وەك نمونەی : ٧

نمونەی ٧- **پاڵەوان چووە سەردارەکە و دەبینێت شێر بە نەڕەنەڕ هات لەترسا دەست بە لەرزین دەکات، شێرەکەش پاڵەوان بەدیدەکات وبەرەو لای دارەکە هات و سەرێکی کێشا بەدارەکەدا، پاڵەوان لەترسا بەربووە و کەوت بەسەر شێرەکەدا و وەك کەر سواری بوو، شێرەکەش لەترسا ئەوەندەڕایکرد و سەرولووتی کێشا بە دارو بەردا کەوت بەلادا و تۆپی.**(ڕۆژبەیانی،٢٠٢٢: ٣٣) .

نموونەی( ٧) ئەزموونی کەسێکە بەرێکەوت بەسەر شێرێکدا سەردەکەوێت و شێر دەتۆپێت، ئەم ئەزموونە وێنەیەکی ئاوەزی کە لە شێوەی پاڵەوانێکدا بە کەسەکە دەبەخشێت، پەیوەست بە ئەفسانە لە فەرهەنگی تاکی کورددا دەچەسپێت، کە پاڵەوان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو هەڕەشە و مەترسییەکانی هەیە، بۆیە دەبێتە واتایەکی فەرهەنگی بۆ وشەی پاڵەوان و وێنەیەکی ئاوەزیشی لە ئاوەزدا بۆ دەنەخشێنرێت .

**دووەم:** خودی وێنە ئاوەزییەکان واتا بنەڕەتییەکان پێکدێنن((بەبۆچوونی جۆنسن وێنە ئاوەزییەکان بە تایبەت قاڵبە ئاوەزییەکان ڕاستەوخۆ لە ئەزموونە جەستەییەکانەوە سەرچاوەدەگرن، کرۆکە واتاکان پێش دروستبوونیان، لە ئەزموونەکان و درکی مرۆڤەوە سەرچاوەیانگرتووە، وێنە ئاوەزییەکان جۆرە بیرێکی تایبەتن، کە پایەی یاساکانی بە چەمککردن پێکدەهێنن، ئەو وێنە ئاوەزییانە بەیەکەمین بەشی ئەو چەمکانە دەژمێردرێن کە لە مێشکی مرۆڤدا دروستدەبن، ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ئەزموون و درك و هەڵێنجانەکانی مرۆڤەوە.))(احمد، حەسەن،٢٠١٧: ٥٨) . تێگەیشتن لەو وێنە ئاوەزییانە پێویستی بە دوو ئاست دەبێت، یەکەمیان نێوزمانی دەبێت و خۆی لە بیرکردنەوە و دونیابینی تاکدا دەبینێتەوە، دووەمیشیان دەرەکییە خۆی لە بوونی وێنە ئاوەزییەکان لە کەتوار و درکپێکردنی مرۆڤ لە ڕێی هەستەکانەوە بە وێنەکان دەبێت .(حسێن،٢٠٢١: ١٢) .

**سێیەم:** یەکێك لە سیما هەرەدیارەکانی وێنە ئاوەزییەکان واتایە، چونکە وێنە ئاوەزییەکان هەڵگری واتان، با لەنموونەی ٨ وردبینەوە

نمونەی ٨ – **کوڕی پاشا بە هەڵەداوان هاتەوە و پرسی:چی بووە؟ چی قەوماوە؟**

- **کارەکەرەکەمان سووتا**
- **مادام تۆ خۆت سەلامەتی سەدی وەك و ئەوت بەقوربان بێت**(ڕۆژبەیانی، ٢٠٢٢ :٧١ ).

لەنموونەی (٨)دا چەند وێنەیەکی ئاوەزی بنیاتدەنرێت و سەرچاوەکەشیان بوونی وێنەکانە لە کەتواردا و مرۆڤ لەڕێی ئەزموونەوە لە ئاوەزیدا گەنجیدەکات،(سەرچاوەی پێشوو) ئەفسانەکان هەمیشە سەرچاوەی کۆمەڵێ وێنەی زۆر و هەمەچەشنن. هەربۆیە لە (٩)دا وێنە دەربڕینەکانی(کوڕی پاشا، ژنی کوڕی پاشا، کارەکەر) بنیاتنەری وێنەی ئاوەزین و خاوەنی واتا و دەلالەتی خۆیانن وەك(قۆز و باڵابەرز و خاوەنشکۆ، خانم و جوان و ڕازاوە...تد) کە لە ئەنجامی پەیوەستبوونی ئەزموون و جیهانی کەتوارەوە فەراهەمبوون و و لە ئاوەزی تاکی کورددا گەنجکراون .

**چوارەم:** جۆر و پۆلێنکردنی وێنەکان، نێوزمانی و دەرەکی.

وێنەئاوەزییەکان وێنەی ناوەکین بەڵام زۆرجار لە وێنە دەرەکییەکانەوە سەرچاوەدەگرن، واتە بۆئەوەی وێنەیەکی ئاوەزی بنیاتبنرێت پێویستمان بە بوونی وێنەکانە لە جیهانی کەتواردا،(حەمەغەریب و ئیسماعیل، گۆڤاری هەڵبجە ژ ٧ ل ٣١) بەمەش پەیوەستەگییەك لە نێوان وێنەی ئاوەزی(ناوەکی) و وێنە دەرەکییەکانی کەتواردا دروست دەبێت، بۆنموونە وشەی (سێو) خاوەنی هەردوو وێنە ناوەکی و دەرەکییە لە ئاوەزی تاکی کورددا، بەڵام وشەی (مانگۆ) لای بەشێکی کەمی کورد خاوەنی وێنەیەکی ئاوەزییە چونکە خودی وشەکە خواستراوە و نامۆیە لای زۆرێك لە خەڵك ، میوەکەش لە ژینگەی کوردیدا نوێیە و هەمووان پێی ئاشنا نین، بۆیە مەرج نییە وەك وشەی (سێو) ببێتە خاوەنی وێنەیەکی ئاوەزی، دەکرێت دوای دەیان ساڵیتر و بە مەرجی بەردەوامی هاوردەکردن یان بەرهەمهێنانی ئەو میوەیە لە کوردستاندا بەتەواوی وەك وێنەیەکی ئاوەزی لە ئاوەزی تاکی کورددا بچەسپێت .

**پێنجەم:** سیمایەکیتری وێنە ئاوەزییەکان فرەڕەهەندییە، واتە وێنە ئاوەزییەکان ئاڵۆزن، چەندین لایەن لەخۆدەگرن، وەك : جووڵە و ئاراستە و تێپەڕین. هەرلایەنە و لێکدانەوەی تابەت بەخۆی دەبێت . وەك نمونەی ٩

نمونەی ٩ : **دەگێڕنەوە لە زەمانێکی زۆر کۆندا پیاوێکی پیر و بەساڵداچوو هەبوو ناوی مام هۆمەر دەبێ، جارێکیان ماڵ و منداڵەکەی دڵی دەیەشێنن و ئەویش لە داخا سەری خۆی هەڵدەگرێت و ڕێگا دەداتەبەر، بەرەو شاری بەغدا سوێند دەخوا ئیتر نەگەڕێتەوەلایان.ڕێکەوت وادەبێت دوای ناڕەحەتییەکی زۆر دەگاتە لای ژنی کوڕی پاشا، ژنە بەسەرهاتی خۆی بۆی دەگێڕیتەوە کە لە گواستنەوەیدا گرفتی هەبووە بەهۆی ڕووداوی دەستتێکەڵکردنی لەگەڵ کوڕێکدا، بۆیە داوادەکات لە کارەکەرەکەیان کەنیزەیەکی هاوشێوەی خۆی بۆ پەیدا بکات بۆ شەوی زاوایی کەنیزەکە بنێرێتەلای کوڕی پاشا و ئیتر ئەویش لەو ئابڕووچوونە ڕزگاری ببێت، کارەکە دەگەڕێت کەنیزەیەك هاوشێوەی ژنی کوڕی پاشا دەدۆزێتەوە و دەیهێنێت بۆی، شەوی بوکێنی کەنیزە دەچیتە لای کوڕی پاشا گرفتیان نابیت، بۆ ڕۆژی دواتر ژنە بە کەنیزە هاوشێوەکەی دەڵێت ئیتر تۆ ئیشت تەواو بوویەلام کەنیزە لەخۆی بایی دەبێت بە هۆی هاوشێوەییەوە لەگەڵ کچی پاشا دەڵێ چیت دەوێت کەنیزە تۆ خۆت بیرچووەتەوە نازانی من ژنی کوڕی پاشام و تۆش کەنیزەیەکی** (ڕۆژبەیانی، ٢٠٢٢ : ٦٨).

لە(٩)دا جوڵە و ئاراستە هەن و دەبنە سەرچاوەی وێنەی ئاوەزی، دەربڕینەکانی(سەرخۆهەڵگرتن، بەرەو، نەگەرانەوە....تد) واتای جوڵە دەگەیەنن و بەپێی

ئەزموونـەكانی گـوێگر/ خوێنـەر وێنـە ئاوەزییگـەلێك بنیـات دەنـێن و هـەڵگری واتـای پراگمـاتیكین . وەك(بێزاربـوون، دڵشـكان، تورەبـون، دۆخـی نالـەبار، ماڵبەجیهێشـتن....تد)، دەكرێت نمونەی ٩ لەشێوەی هێڵكاری (٣) بخەینەروو:

هێلكاری(٣)




هێڵكـاری ٣ ئـەوەمان پیـدەڵێت، كـە هـەموو جوڵەیـەك خـاڵی دەسـتپێك و سـەرەتای هەیـە و خـاڵی كـۆتاییشـی دەبێـت، نمونـەكانی ٩ (سـەرخۆهەڵگرتن ، ڕێگـەگرتنەبـەر ) واتـە جوڵـە بەئاراسـتەیەكدا و لـە خـاڵێكی دەسـپێكەوە كـە مـاڵی مـام هۆمـەرە و بـەرەو خـاڵی كۆتایی كە شاری بەغدایە، بنیاتی وێنە ئاوەزییەكە لە جوڵەكەوە سەرچاوەدەگرێت بەڵام ڕێرەو سەرەتا و كۆتاییش پێكەوە دەبەستێت، واتە وێنە ئاوەزییەكە لە یەككاتدا جوڵە وەك سـەرەتا و ئینجـا مـەودا و پێكـەوە بەسـتنی سـەرەتا و كۆتـایی و ئینجـا خـاڵی كۆتـاییش لەخۆدەگرێت، بەمەش چەند وێنەیەكی ئاوەزی ئاڵۆز و تێكچرژاو لە نمونەی ٩ بنیاتدەنرێت . جوڵە و ئاراسـتەكان بـەپێی ڕووداوەكـان و شـوێنی قسـەكەر و گـوێگر دەگـۆڕێن، بـەلام لـە هەموو ئاراستەكاندا ڕێرەو (مەود) هەمان شوێنی دەبێت .

**شەشەم:** وێنە ئاوەزییەكان لەكەتوارەوە سەرچاوەدەگرن، واتە ئاماژە بۆدیاردەیەك لە كـەتواردا دەكـەن، بەمـەش هاوبەشـییەك لەگـەڵ سـێمانتیكی ئاماژەبەنـدیـدا reference پەیدادەبێت، ئاماژەبەندی پەسنی پێوەندی زمان بە دەرەوەی زمان دەكات و semantic لێیـان دەكۆڵێتـەوە، كـە دونیـابینی و ئـەزموون و تیگـەیشـتنی تـاك ڕۆڵـی بـەرچاوی دەبێت، بەوپێیەی كـار لەسـەر بـەكارهێنانی دەربڕینـە ئاماژەییـەكان دەكـات بەرانبـەر بەشتەكان،(محەمەد، ٢٠٢٣: ١٥) ئاماژەبەندی كۆنە و دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی پێش فەلسەفەی سوكرات و ئەفلاتوون، لەو سەردەمانەدا فەیلەسوفەكان لەوبڕوایەدابوون، كە بیر درك بە شتەكانی ژینگە دەكات، بەڵام ئەرستۆ دواتریش زانایانی لۆژیك دركیان بەبوونی پێوەندی بیر و زمان كرد بە شتەكانی ژینگەوە ،((ئەرستۆ زیاتر لە ئەفلاتوون ئاماژە بەلایەنی بەستنەوەی ئەزموونكردن بە جیهانی باڵاوەدەكات و پێیوایـە، دەبێـت زانیارییـە ئاوەزییـەكان لـەڕێگای وێنـاكردن و باوەڕكردنـەوە چارەسەربكرێن، خودی ئەم چارەسەركردنە لەڕوانگەی (خود و بابەت)ەوە دەكرێت،

ئەرستۆ هەوڵییداوە خۆی دوورەپەرێزبگرێت لە لێكدانەوەی میتافیزیكی و پێیوابوو، ئەقڵی مرۆڤ بەسروشتی خۆی توانای درككردنی بەهای شتەكانی هەیە بەشێوەیەكی تەواو پڕاوپڕ ئەمەش لە كاتیكدا دەبێت، كە بەهای شتەكان واتای گشتی شتەكان خۆیانن،))(مەحمود"٢٠١٤: ١٠) .

لەوڕووەوە تۆدۆرف بۆچارەسەری ئەو دەربڕینانەی خاوەنی وێنەی ئاوەزین لەشێوە هێڵكاری ٤ دا دەخاتەروو

هێڵكاری(٤)




سەرچاوەی خشتە(تودورف و اخرون،2000: 13 )

**تەوەرەی دووەم: تیۆریی سكێمای وێنە Image semantic**

یەكێك لە تیۆرییەكانی سیمانتیكی دركپێكردنە، لەلایەن مارك جۆنسن و لە كتێبیی(ئەو جەستەیەی لە ئاوەزدایە) خرایەڕوو، ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر ڕۆڵی ئەزموون لە پرۆسەی دركپێكردندا دەكاتەوە((ئەزموونەكانی جەستە سەرچاوەن بۆ دارشتنی نەخشەی شێواز و ئاستی هەستكردن و وێناكردنی ئاوەز بۆ دەوروبەر))(نەبی، ٢٠١٥: ٣٤) .

سكێما تێگەیشتنە لە دەوروبەر لەڕێی ئەزموونەكانەوە، دركردنە بە كەتوار و ئەو واقیعەی تێیدا دەژین لەڕێی تێگەیشتن لە چەمكە ئاوەزییەكان، سكێما لە بنەڕەتدا دیاردەیەكی ئەبستراكتە، بەڵام لەسەربنەمای كارلێك و تێگیشتنی مرۆڤ بۆ دەوروبەری چالاك دەبێت(( چەمكی سكێما ئاماژەیە بۆ پێكهاتە و مەدایەكی دركپێكردنانە، كە نوێنەرایەتی چۆنییەتی بیركردنەوە و تێگەیشتنی مرۆڤ و چۆنییەتی بیرهێنانەوەی زانیارییەكانی مرۆڤ دەكات. سكێما چوارچێوەیەكی زانیاری گشتییە مرۆڤ لەبارەی بابەتێكی دیاریكراوەوە هەیەتی. پەیپێبردن و یادگەی مرۆڤ بۆ زانیاری، دەرئەنجامی مامەڵەی زانیارییە تێكردەكان لەگەڵ سكێما پێشوەختەگەنجكراوەكانە))(جەهابەخش"٢٠٢٤:) بۆچوونەكان سەبارەت بە سكێما جیاوازن

بەڵام خاڵی هاوبەشیشیان هەیە_((ئیوان وگرین لە بەرهەمەکەیاندا باس لە هێڵکاری وێنەیی و وێنەی ئاوەزیی دەکەن، هێڵکاریەکانی وێنە هەمان وێنەی ئاوەزی نین، وێنەی ئاوەزی وردەکاری و دەرەنجامی پرۆسەی مەعریفییە بە هەوڵ و بەشێکی ئاگایی ،کە بەشدارە لە بیرهێنانەوەی بینراوی زەینیدا، هێڵکاری و نەخشەکێشن و لەبەر ئەوە زیاتر ئەبستراکتن، لە سروشتدا لە ئەزمونی بەرجەستەکراوی بەردەوام دەردەکەون ،ئەمە مانای ئەوەیە، کە ناتوانیت چاوەکانت دابخەیت و بیر لە هێڵکاری وێنە بکەیتەوە، بەو شێوەیەی کە دەتوانرێت بیر بکەیتەوە و دیمەنی ڕوخساری کەسانێک یان هەستکردن بە'ئامانجێکی دیاریکراوت لەدەستدابێت))(حەمەد ئەمین،٢٠٢٣: ١٤٢) خاڵە هاوبەشەکان بەتایبەتی پەیوەست بە پرۆسەی ئاوەز و چەمکیبوونی سکێما زیاتر دەردەکەون((سکێما چەمکێکی بنەڕەتییە، کە لەلایەن واتاناسانەوە پێناسە و دابەشکاریی جیاوازی بۆ خراوەتەڕوو، بەڵام ئەوەی لە نێوان هەموویاندا هاوبەشە، بوونی فۆرمێکە لە پێکهاتەی چەمکی، یان مۆدێلێکی ئاوەزییە، ڕەگوریشەی بۆ ئەزموونی مرۆڤ و کارلێکیان لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینەی مرۆڤەکاندا دەگەڕێتەوە))(ئەحمەد" ٢٠٢٤: ٨٩) سکێما دۆخێکی دینامیکیی جوڵەییە، ڕۆڵی بەرچاو لە جوڵە و پەیوەندی و کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەیدا دەگێڕێت سیمای فۆرمگەلێکی ڕێکخراو و یەکپارچەیی بە ئەزموونەکانی مرۆڤ دەبەخشێت((شێوەی سکێماکان وەک ڕێگەیەکی گرنگ دادەنرێن بۆ بە چوارچێوەکردنی تێڕوانینی تاك پەیوەست بە جیهانەکەی. بنیاتنانی درکپێکردنانە، کە لە یادگە هەڵگیراون و نوێنەرایەتی ئەبستراکتن بۆ ڕووداوەکان و شتەکان و پەیوەندییەکان لە جیهانی کەتواردا، پێیان دەوترێت سکیما. بۆیە مرۆڤەکان بەمەبەستی پۆلکردنی ئەزموونی خۆیان و کەسانی دیکە و ڕووداوەکانی ژیان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، سکێما بەکاردەهێنن.)) .(غنیمی، ١٣٨٢: ٣٩١) .

بەگشتی سکێماکان کردەیەکی ئاوەزیین، شێوازی درکپێکردن و تیگەیشتنی مرۆڤە بۆ جیهانی دەوروبەر، لەهەمانکاتدا نواندنێکی ناوەکی هەیە لەشێوەی ئەندێشە و خەیاڵدا بۆ شتەکان کە لەسەربنەمای بنیاتنانیان لە ئاوەزدا دادەمەزرێت. هەڵبەت خەیاڵیش بنەمایەکی گرنگی نواندنی توانای ئاوەزی مرۆڤە لە بیرکردنەوە و دونیابینی و تێگەیشتنی بۆ دیاردەکانی ژینگەکەی، ئەفسانەکانیش بەڵگەی بەهێزی توانای ئاوەزی مرۆڤن. وەك نموونەی ١٠

نمونەی١٠ – هەژارێك بۆ کارکردن ڕوودەکاتە شارێك، دوای یەك ساڵ کارکردن تەنها دوو قڕانی داهات هەبوو((**بەکزییەوە لەبەرخۆیەوە وتی: جا دوو قڕان بدەم بەچی و بینێرمەوە بۆ ئەو منالانە، چی ئەکات؟ وەڵا وا خاسە بیدەم بە هەنار بۆیان، زەمیلەیەك هەنار**

**زۆرتر ئەکات، بەپیاوێکدا هەنارەکان دەنێرێتەوە. پیاوەکە هەنارەکەیان بۆ دەبات و دەگاتە کوڕی ماڵەکە:**

- **بە دایکتان بڵێ دیارییەکتان بۆ هاتووە بێ بیباتەوە .**
- **ژنەچوو هەناری هاورد و وتی : وەرن بەقوربان هەنارمان بۆ هاتووە بێن بیخۆن، کە هەناریان لەتکرد، ناوەکەی ئاڵتوونە، وتی بەخوا باشە ، هەناریان فرۆشت و عەرزەی ئەملاو ئەولا و پێش و دوای خۆیان کڕی، منداڵ پۆشتە و پەرداخ، ژنە خۆی بە خانم و خاتوون بەجلی جوان مشکی لەکۆڵ.....))** (ڕۆژبەیانی، ٢٠٢٢ :٥٨ ).

لە نموونەی ١٠ دا درککردنی تاکی کورد بە دەوربەری لە خستنەڕووی ڕۆڵی پارە و سامان لە ژیانی خەڵکدا و توانای گۆڕینی تەواوی جۆری ژیان بە سامان بەرجەستەدەبێت، ئەمە وەك بەشێك لە کەتواری ژیانی کۆمەڵ دەبێتە سەرچاوەی بنیاتنانی سکێمای وێنە لە ئاوەزی تاکی کورددا بە مەبەستی تێگەیشتن لە کەتوار پشتبەستوو بە ئەزموونەکان پێڕەویان دەکات، هەندێجاریش لە فۆرمی ناوەکی دەبێت لەشێوەی خەیاڵ و ئەندێشە گوزارشت لەو کەتوارە دەکات پشتبەستوو بە درکپێکردن و کارلێکی لەگەڵ کەتوارەکەدا بەپێی ئەزموونکردن.

مارك جۆنسون لە کتێبی (جەستە لە ئاوازدا) ئاماژە بەوە دەکات، کە سکێمای وێنە بەرهەمهێنراوی ئەزموونە فیزیکییە/ جەستەییەکانی مرۆڤە لە ناو سیستمێکی چەمکیدا، وێنەکان لە ئەزموون و هەستەکانەوە سەرچاوەدەگرن، ئەزموونەکان بەرجەستەکەوتنی مرۆڤە لەڕێی هەستەکانییەوە(بینین، بیستن، بەرکەوتن، تامکردن، بۆنکردن) لەگەڵ دیاردەکانی ژینگە و دەوربەری. بۆزیاتر بڕوانە( Johnson,1987: 43). جۆنسون بۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکانی هەمبەر سکێمای وێنە نموونەی(سەر و خوار) دەخاتەڕوو، ئەو لێکدانەوەکان بەپێی ئەزموونی تاك لەگەڵ دەوروبەریدا دەخاتەڕوو و وابەستەی چەمکەکانی(بەرز ، نزم)یان دەکات، ئەوەش بەپێی بەچەمککردنی دیاردە ئەبستراکت و فیزیکییەکان، بەشێوەیەك نەخشە ئاوەزییەکان پەیوەست بە چەمکەکانی( بەرز ، نزم) لە ئاوەزی ئاخێوەردا بەشێوەیەکە، ئەوەی دەرخەری باشە و ئەرێنییە بۆ سەرەوەیە، ئەوەشی ئاماژە بۆ ناخۆشی بکات بۆ خوارەوەیە، واتە ئاراستەی خۆشی بۆسەرەوە و بەپێچەوانەوە ئاراستەی خەم و ناخۆشی بۆ خوارەوەیە بۆزیاتر بڕوانە(ئەحمەد، ٢٠٢٤: ٩١)،، وەك نموونەکانی ١١-١٢

١١- بە وتە جوانەکانت باڵا دەکەم.

١٢- خەم پشتی شکاندم.

بۆ زیاتر بڕوانە هێلکاری ژمارە (٥)

هێلکاری چەمکەکانی بەرز نزم




**تەوەرەی**

**سێیەم: جۆرەکانی سکێمای وێنە image schema**

توێژینەوە لەم تەوەرەدا هەوڵی داوە لەبەر رۆشنایی تیۆریی سکیمای وێنە (وێنەی ئاوەزی دەفری و وێنەی ئاوەزی جوڵەیی و وێنەی ئاوەزی تێپەڕبوون) شیکاری چەند نموونەیەکی ڕووداوەکانی سامپڵەکانی لێکۆڵینەوەکە، کە ئەفسانەی کوردیی ناوچەی گەرمیانە بکات .

**یەکەم: سکێمای وێنەی ئاوەزی دەفری**

سکێمای وێنەی دەفری، خستنەرووی چەمکە ئەبستراکتەکان و بەرهەستکردنیانە، لەڕێی ئەزموونەکانی جەستە و چەمکە فیزیکییەکانەوە، بەشێوەی حوکمی دەفر و شوێن، کە تێیدا مرۆڤ وەك دەفرێك دەنوێنرێت، واتە چەمکە نافیزیکییەکان دەکرێن بەخاوەنی بوونێکی فیزیکی لەڕێی ئەزموونە دووبارەبووەکانەوە(صفوی، ١٣٨٤: ٦٨) وەك نموونەی ١٣

**نمونەی١٣- کچەکە تۆزێك سام ئەیگرێت، دوایی لەدڵی خۆیدا ئێژێت، ئەمە پاڵەوانێکی زۆر بەهێزە هەر بۆ یارمەتی براکانی من باشە، بەڵکو بەیارمەتی ئەم براکانم دوژمن بشکێنن، ڕزگارمان بێت لەم کۆسپە گەورەیە.** (ڕۆژبەیانی، ٢٠٢٢ : ٢٨) .

لە نمونەی (١٣)دا چەمکی( سام) کە چەمکێکی ئەبستراکتە و مانای ترس دەگەیەنێت، لەڕێی ئەزموونی جەستەییەوە دەنوێنرێت و دەبێتە خاوەنی بوونێکی فیزیکی کاتێك تونای گرتن و داگیرکردنی دەبێت، چونکە تەنە فیزکییەکان توانای گرتن و داگیرکردنی شتیان هەیە، کچ چەمکێکی فیزیکییە واتە لەڕێی ئەو چەمکە فیزیکییەوە بە ئەزموونی جەستەیی کە مرۆڤ بەکاریدەهێنێت بۆ گوزارشتکردن لە دۆخێك، کە تێیدا دەژی، چەمکی ترس دەبێتە چەمکێکی بەرهەست و خاوەنی بوونێکی فیزیکی و لە توانایدا دەبێت جەستە وەك (دەفرێك)شوێنێك داگیربکات .

هەر لە(١٣)دا چەمکی شکاندن چەمکێکی ئەبستراکتە، لەگەڵ ئەو چەمکە فیزیکییانەی توانای وردوخاشبوونیان هەیە بەکاردێت بەڵام لەڕێی ئەزموونکردنەوە ئەو چەمکە ئەبستراکتە دەگوازرێتە و لەڕێی بەکارهێنانییەوە لەگەڵ چەمکی فیزیکی(دوژمن)کە مەبەست لە (کەسە) دەبێتە خاوەنی قەبارەیەکی فیزیکی و واتای شتێك دەگەیەنێت، کە توانای شکاندنی هەبێت .

سکیمای وێنەی ئاوەزیی دەفری لەڕێی ئەزموونەکانی ژیان و چەمکێکی فیزیکییەوە واتا و هێزی بیرکردنەوە بە چەمکێکی نافیزیکی دەدات، واتە مرۆڤ لەڕێی ئەزمونەکانییەوە خۆی لە ناو چەمکەکانی وەك شوێن- لەناو ، حاڵەت- پڕبوون....تد، دەبینێتەوە .

جۆنسون  مرۆڤ وەك دەفرێك وێنا دەکات، کە لەئەنجامی ئەزموونی مانەوە لە شوێنێك(ماڵەوە، ژوورەوە، فەرمانگەکەی، ئەشکەوتێك......تد)کە خاوەنی قەبارەیەکی فیزیکی بێت کە جێی مرۆڤی تیدابێتەوە، مرۆڤ خۆی وەك مادەیەك لەو شوێنەدا دەبینێتەوە، ئەزموونکردنەکان و بەرجەستەکردنی چەمکە ئەبستراکتەکان لەڕێی چەمکە بەرهەستەکانەوە بەپێی هەستەکانی(بینین، بەرکەوتن، بیستن...تد) دەبێت( Johnson,1987: 23)  بۆزیاتر لە نمونەی ١٤ وەردبینەوە

**نمونەی ١٤ – کرێکارەکە دەمەو نیوەڕۆ کارەکەی تەواوکرد، بەتەمابوو کرێکەی بدرێتی و بەڕێی خۆیدا بڕوات، بەڵام حاجی چاوچنۆك کەوتە بڕوبیانوو هێنانەوە، کە کارەکەی باش ئەنجام نەداوە و زوو لێبووەتەوە و دەستی کردە مل بادان و سەرپێچی**

**کردن . کابرای هەژار بە دڵشکاوییەوە و ماندو برسی ملی ڕێگای گرتەبەر، بەمجۆرە ناچاری پاڵیپێوەنا چوو لە دەرگای ماڵێکی دا.** (ڕۆژبەیانی، ٢٠٢٢: ٧٤)

لەنموونـەی (١٤) دا دڵ وەك دەفرێـك دەخرێتـەڕوو، کـە دەکرێـت بشـکێنرێت، لـە ڕاستیشدا بەو شێوەیە نییە، بەڵکو ئەوە ئەزموونی مرۆڤە توانای گواستنەوەی چەمکەکانی هەیـە بەتایبـەتی لـەڕێی ئـەزموونی جەسـتەییەوە، هەربۆیـە دەتوانرێـت چـەمکی شـکان کـە لەگـەڵ شـتە فیزیکییـە ڕەقەکانـدا بـەکاردێت بگوازریتـەوە بـۆ دڵ ، وەك بەشـێك لـە جەستەی مرۆڤ کە بەشێوەی دەفر نمایشکراوە و توانای شکان بە چەمکی دڵ دەبەخشێت

**دووەم: سکێمای وێنەی جوڵە**

لـە تـەوەرەی دووەمـدا ئاماژەمـان بـە وێنـەی ئـاوەزی جوڵـەکرد، کـە پێویسـتە خـاڵی سەرەتاو کۆتایی هەبێت، جۆنسون ئەمە وەك جۆرێك لە سکێمای وێنە دەخاتەڕوو((بە بـڕوای جۆنسـون جووڵـەی مـرۆڤ و جووڵـەی گیانـداریتر، ئـەزموونێکی لای مـرۆڤ دروسـتکردووە، بـەهۆی ئـەو ئەزموونـەوە کۆمـەڵێك وێنـەی ئـاوەزی لـەو جوڵانـە لـە مێشـکی مرۆڤـدا بەرهـەمهێنراوە، بـەپێی ئـەمجۆە ئـەو چەمکانەی خاوەنی جوڵـە نـین، بـەڵکو تایبەتمەنـدی فیزیکی جوڵە لەبەرچاو دەگرن))(ئەحمەد،٢٠٢٤: ٩٥). وەك نموونەی ١٥

نمونەی ١٥- وا پیری ئاما وە پیریمەوە
کەس نییەن وەتەنگ دڵ گیریمەوە (کاکەیی،١٩٨٥: ١١١)

پیـری چـەمکێکی ئەبسـتراکتەو و توانـای جوڵـەی نییـە، بـەڵام لـەڕێی ئـەزموونی مرۆڤەوە لە بەکارهێنانی جوڵەدا ، چەمکی پیریی دەبێتە خاوەنی بوونێکی فیزیکی و لە نمونـەی ١٥ دا ئاراسـتەی جوڵـەی لـە خـاڵی دەسـتپێکەوە بـۆ خـاڵی کۆتـایی کـە لای قسەکەر(شاعیر)ە دەبێت .

پەیوەست بە سکێمای وێنەی ئاوەزی جوڵەیی ئەزموونکردنی جوڵە و جێگۆڕکێ و بـەراوردکردنیان بـە جوڵـە و جێگـۆڕکێی گیانلەبـەرانیتر ئـەزموون فەراهەمـدەکات و جوڵـەکان لـە پنتێکـی سـەرەتاوە دەسـتپێدەکەن بـە سـەرچاوە و ڕێـڕەوەدا گوزەردەکـەن و ئامانجێکی دیاریکراویان دەبێت، تا دەگەنە پنتی کۆتایی کە ئامانج پێکدێنێت، ڕێڕەو هەمیشە خاڵی پێکەوەبەستنی خاڵی سەرچاوە و  خاڵی ئامانج دەبێت . دەربڕینـەکانی وەك (گەیشتم بە خاڵی کۆتایی، ئەمە کۆتایی ڕووداوەکانە....تد) سەرچاوەی بنیاتنانی سکێمای وێنەی ئاوەزیی جوڵەیین.

جۆنسـون لـە کتێبەکەیدا بەناونیشانی(جەسـتەیەك لـە ئاوەزدا) باسـی ئـەوە دەکات، کـە ئـەزموونی جوڵـە پەیوەسـتە بـە جوڵـەی فیزیکـی((جوڵـەی فیزیکـی لـە شـوێنێکەوە بـۆ

شوێنێکی تر و لە خاڵی دەستپێك و ڕێڕەوێك پێکهاتووە، بەواتایەکی تر سکێمای وێنەی جوڵە، ڕەنگدانەوەی ئەزموونی مرۆڤە لە جوڵەی خۆی، یان گیانلەبەرانی تر، ئەم جوڵەیە خاڵی دەستپێکی بە ناوی (سەرچاوە) و خاڵی کۆتایی بە ناوی(ئەنجام)ەوە هەیە، ئەوەی دەکەوێتە نێوان ئەو دوو خاڵەوە پێیدەوترێت(ڕێڕەو)))(سەرچاوەی پێشوو)ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە سکیمای وێنە سێ مەرجی هەیە:

١. خاڵی دەستپێك(سەرچاوە)
٢. ڕێڕەو( خاڵی نێوان سەرچاوە و ئەنجام)
٣. خاڵی کۆتایی(ئەنجام)

بەوشێوەیە سکێمای وێنەی جوڵە لەڕێی کارلێکی نێوان خاڵی دەستپێك و خاڵی کۆتاییەوە دەبێت، ئەو کارلێکە ڕێڕەو بەدەستی دەهێنێت. وەك نموونەی ١٦

نمونەی ١٦- **هەموویان کەوتنەڕێ، گەیشتنە دارستانەکە ،پاڵەوان وتی من دەچمە سەردارەکە، پاڵەوان سەیر دەکات وا شێرەکە هات**،(ڕۆژبەیانی، ٢٠٢٢ : ٢٤).

لە نموونەی(١٦)دا چەمکەکانی(کەوتنەڕێ، چوونەسەردار، هات) هەڵگری سکیمای وێنەیی جوڵەن، هەمووشیان خاڵی دەستپێك و ڕێڕەو و خاڵی کۆتاییشیان هەیە، کەوتنەڕێ، خاڵی دەستپێك لای بەشداربووانە و بەرە و دارستان کە خاڵی کۆتاییە، جوڵەی پاڵەوان بۆسەر دارەکە خاڵی سەرەتا و گەیشتنی بەسەر دارەکە خاڵی کۆتاییە، هاتنی شێرەکە خاڵی سەرەتایی جوڵەی شێرەکەیە و شوێنی پاڵەوان خاڵی کۆتاییە. بەمەش لەڕێی ئەزموونی جوڵەی مرۆڤەوە لەگەڵ خۆی یان گیانلەبەرانی تر لە نمونەکانی ١٦ دا بەرجەستەدەبن .

توێژینەوە بەپێویستی دەزانێت، کە سکێمای وێنەی جوڵە، لە سکێمای وێنەی تێپەڕبوون جیابکاتەوە، چونکە ئەو دووجۆرەی سکێما سەرباری جیاوازییان سیمای واتایی هاوبەشیشیان دەبێت، وەك (+ بزاوتن ) بەڵام ئەوەی جیایان دەکاتەوە ئەوەیە، تێپەڕاندن دەکرێت وەك چەمکێکی نافیزیکی سەیربکرێت کە لەڕێی چەمکێکی فیزیکییەوە دەخرێتەڕوو، سکێمای وێنەی ئاوەزی تێپەڕبوون، قسەکەر لە پێڕەوکردنی ئەو جۆرە وێنە ئاوەزییەدا ئەزموونی تێپەڕبوونی ڕێگەیەك لە ئاوەزیدا وێنادەکات، وەك تێپەڕبوون لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر لە پەسنکردنی چەمکیکی نافیزیکیدا سوودی لێدەبینێت، وەك ( قەیرانەکان تێدەپەڕێنین، لە نەهامەتیدا نوقومبوون ....تد) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە(ئەحمەد"٢٠٢٤: ١٠٤ لێکۆڵیەوەکە دەیسەلمێنێت، کە ئەفسانەی کوردی وەك

ژانـەرێکـی ئـەدەبی کەرەسـتەی لێکۆڵینـەوەی زمـانیین و لـەڕێی وێنـەی ئاوەزییـەوە چەمکـە نافیزیکییەکان لە چەمکە فیزیکییەکاندا بەرجەستە و ئەزموون دەکات.

**سێیەم: سکیمای وێنەی گشت و بەش**

گشت و بـەش دوو چـەمکن زانسـتەکانی فەلسـەفە، لۆجیـك، زمانەوانی...تـد لێیـان کۆڵیوەتـەوە، سـەرباری پەیوەنـدی و بـوونی خـاڵی هاوبـەش لـە نێوانیانـدا بـەڵام دوو چـەمکی جیاوازن. ئەرستۆ لـە دیـدێکی میتافیزکییـەوە لـە گشـت و بەش دەڕوانێت و پێیوایـە، گشـت لـە کۆی بەشـەکان زیـاترە، گشـت نـاواخنێکی ڕۆحییـە، ناسینەوەی ئاسـان نییـە، زمانـەوانانی بـواری سـێمانتیك زیـاتر تیشـك دەخەسـەر چەمکـەکانی بـەش و گشـت، ئـەویش لـە بابـەتی پەیوەندییە سێمانتیکییەکانی وەك هایپۆنیم، گرتنەوە، هاوواتا بۆنموونە ئەحمەد موختار لە بابـەتی فراوانبـوونی واتـادا چەمکـەکانی بـەش و گشـت پێـی وایـە((دیاردەی فراوانبـوونی واتـا کاتێـك ڕوودەدات کە واتـا لەتایبەت(بـەش)ەوە بـۆ گشـت بگـوێزرێتەوە ، بەم شـێوەیەش فراوانبـوونی واتـا بریتـی دەبێت لەوەی کە وشـە واتـای زیـاتر بگەیەنێت یـان بـۆ مەبەسـت و نـاوەڕۆکی زیـاتر و فراوانتربەکاربێت، بەپێچەوانەشـەوە کورتبوونـەوەی واتـا لـە گشـتەوە بـۆ بەشدەبێت))(عمر"١٩٨٢: ٢٤٣ ، ٢٤٥ ) .

بـەپێی زمانـەوانی درکپێکـردن، بۆنموونـە بـەلای (لاکۆفـەوە) ((سـکێمای گشـت بەش، بریتییە لە جەستەیەکی گشتیی کە لەبەشـەکانی پێکهاتووە، سپێنۆزا پێیوایە،ئێمە دەتـوانین دەربـارەی بـەردەوامی جەسـتەمان مەعریفـەی هەمـەکیمان هـەبێت، ئـەم مەعریفەیـە وا دەکـات مـرۆڤ بـە درپێکردنـی بەشـەك و هەمـەکی لەسـەر بنـەمای جەسـتەی شـتەکان سکێمای وێنە بە چەمکبکات))(ئەحمەد،٢٠٢٤: ١١٠) . وەك نموونەی ١٧

نمونەی ١٧- مەڵام دەماغ داشت ، مەڵام دەماغ داشت

مەڵام قیبلەی من چی وەر دەماغ داشت (کاکەیی، ١٩٨٥: ٦٥)

لـە نموونـەی (١٧)دا دەمـاغ وەك بـەش سـکێمای وێنـەی بـەش گشـت بەردەسـتدەخات، چونکە وشـەی دەمـاغ مەبەسـت و واتایـەکی گشـتی لـە خۆدەگریت کـە مەبەسـتەکە خودی مەلایە و وەسفی مەلایە .

**ئەنجامەکان**

١. وێنە ئاوەزییەکان، داڕشتنەوەی کەتوار و وێنەکانی واقیع و جیهانی فیزیکی مرۆڤە لە ئاوەزدا، بنیاتنانی وێنە ئاوەزییەکان لەسەر بنەمای ئەزموونکردن و تێگەیشتن لە چەمکە ئەبستراکتەکانی ژینگە دەبێت .

٢. وێنە ئاوەزییەکان لەڕێی ئەزموون و زانیاریی ناوەکی بێت یان دەرەکی فراوان دەکرێن، (بیرکردنەوە، خەیاڵ ، تێگەیشتن، دونیابینی، فێربوون، پەیبردن، هیمای زارەکی و نازارەکی) لە دیارترین ڕەگەزەکانی بنیاتنان و فراوانبوونی وێنەی ئاوەزیین . سەرجەمی ئەو ڕەگەزانەش لە پێکهاتەی ئەفسانەی کوردیدا هەن .

٣. وێنە ئاوەزییەکان توانای گەیاندنی زانیاری زیاتر لەوەی لە وێنە فیزیکییەکانەوەی وەردەگرێت دەنوێنێت، ئەمەش بەوەمان دەگەیەنێت، کە وێنە ئاوەزییەکان لەڕووی واتاوە، هەڵگری واتای سێمانتیکی و پراگماتیکی فەرهەنگیشن، چونکە تەواوی واتا و زانیارییەکانی چەمکە بەوێنە کراوەکە لەخۆدەگرێت .

٤. سکێما، درککردنە بە کەتوار، نواندنی بیرکردنەوە و تێگەیشتنە لە چەمکەکان، چێوەی زانیاری مرۆڤە هەمبەر چەمکێك یان دیاردەیەك یان بابەتێك لە واقیعدا ، بنمای سکێما ئەزموون و کارلێکی مرۆڤە لەگەڵ ژینگە و دەروبەری. سکێما لەقاڵبدانی دید و بۆچوونەکانی مرۆڤە پەیوەست بە جیهانی واقیعی و ژینگەکەی.

٥. لەڕێی جۆرەکانی سکێمای وێنەوە چەمکە نافیزیکییەکان، لە کایەی چەمکە فیزیکییەکاندا دەنوێنرێن و دەبنە خاوەنی وێنەیەکی ئاوەزی، کە بەهای هاوتای بەهای وێنە کەتوارییەکان دەبن. ئەوەش لەڕێی هەستەکانەوە دەبێت بە تایبەتیش هەستەکانی(بینین، بیستن ) .

## سەرچاوە کوردییەکان


١. ئەحمەد، ڕۆستەم محەمەد(٢٠٢٤) هێزی واتای سیمانتیکی لە بەرهەمهێنانی واتای پراگماتیکیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە. زانکۆی گەرمیان.

٢. ئیبراهیم، حسین ئیراهیم(٢٠٢٢) نواندنی پراگماتیکی لە گوتاری بانگەشەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان .

٣. ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم، (٢٠١٩)، نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لەفەرهەنگی ئاوەزییدا، سلێمانی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.

٤. احمد، مەحمود فەتحوڵا و حەسەن، نەریمان(٢٠١٧) پێڕەو و بنەما سێمانتیکییەکانی درکپێکردن، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە(١١) .

٥. جەهابەخش" کەژاڵ(٢٠٢٤) ئاوەزمەندی درکپێکردنی سیمانتیکی دەربڕاوە چەسپاوەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان.

٦. حەمەغەریب، بەهرە سەلام(٢٠٢٢) درکپێکردنی میتافۆرییانەی ناوی ئاژەڵان لەزمانی کوردیدا (ئاخاوتنی ڕۆژانە)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خوولی ٩ ، ژمارە ٣ .

٧. حەمەغەریب، بەهەرە سەلام، اسماعیل، شیلا احمد( )درکپێکردنی وێنەی هزری لە وێنەی شیعریدا(عەبدولاپەشێو) بەنموونە" گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە ٧ .

٨. حەمەدئەمین، شنۆ عەولا(٢٠٢٣)هێمای وێنەیی و کاریگەریی لە کردەی گەیاندندا(لەڕوانگەی واتاسازی زانینەوە) نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی راپەڕین.

٩. حەمەڕەشید، ئارام عەبدولواحید(٢٠١٣)ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، سلێمانی .

١٠. حسێن، ئەڤین جمال(٢٠٢٢)وێنە فێرکارییەکان و ڕۆڵیان لە فێرکردنی زمانی دووەمدا(پرۆگرامی بازنەی یەکەم لە قوتابخانەی(ئیشقی) بنەرەتی بەنموونە" لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی کارەکییە، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .

١١. حسێن، شیلان عومەر، (٢٠٢١)، زانستی زمانی کارەکیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد ، سلێمانی.

١٢. سورخی، ڕەحیم(٢٠٠٦) زمان هزرو کلتور، دەزگای بڵاوکردنەوە و توێژینەوەی موکریان، هەولێر .

١٣. قادر، کاروان عومەر، (٢٠١٢) سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B ، ژمارە (٣٤).

١٤. کاکەیی، هەردوێڵ(١٩٨٥)هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ناوچەی گەرمیان، بەغدا .

١٥. محەمەد،دارا حەمید(٢٠٢٣) بنیات و واتا لە زمانی کوردیدا، لیکۆڵینەوەی زمانەونی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر .

١٦. مەحمود ، ئاڤێستا کەمال(٢٠١٤) ئاوەزداری درککردنی زمانیی جێناوەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلیمانی، ژ(٤٥) بەشی B .

١٧. مەرگەیی، نەوزاد(٢٠٢٤) فەلسەفەی عەقڵ، سلێمانی .

١٨. ناوخۆش، سەلام(٢٠١٦) ئەفسانە و ئایدۆلۆژیا و زمان، نووسینگەی تەفسیر، بۆ بلاوکردنەوە و راگەیاندن، هەولێر .

١٩. نەبی، ڕێبوار ئەحمەد(٢٠١٥) پەیپێبردنی شاوەچە لە سێمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب .

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

١. الجبوري، ارادة زيدان(٢٠١٠)مفهوم الصورة الذهنية في العلاقات العامة، مجلة البحث العلمي، العدد ١٠٩، بغداد .

٢. الخليل، سمير(٢٠١٦)دليل مصطلحات الدراسات الثقافية و النقد الثقافي، دار الكتب ، بيروت.

٣. تودورف و اخرون(٢٠٠٠) الدلالة و المرجع في الفكر اللساني الحديث، ترجمة عبدالقادر قنيني، المغرب .

٤. عمر، احمد مختار(١٩٨٢) علم الدلاله، الكويت .

**سەرچاوە فارسییەکان**

١. پاکزاد، جهانشاه ؛ بزرگ، حمید(٢٠١٥)، الفبار روانشناسی محیط برای طراحان، تهران، آرمانشهر.

٢. روزبیانی، امید( ٢٠٢٢ ) بررسی ده افسانه كردی در كردستان عیراق، استان گرمیان، به گویشی سورانی(ترجمه، اوانویسی، واژەنامه) . سلێمانی .

٣. غنیمی، فرزانه(١٣٨٢)طرحوارەهای ظریف تبعیض جنسی( پیامدی اجتماعی رویكرد فیمنیستی) مجموعه مصاحبەها، مقالات و میزگردهای همایش اسلام و فیمینسم، جلد دوم، مشهد.دانشگاه فردوسی .

٤. صفوی، كورش(١٣٨٤)فرهنگ توصیفی معنیشناسی، انتشارات فرهنگ معاصر، تهران .

٥. مالتز، ماكسول(١٣٨٤)،روانشناسی تصویر ذهنی" سایكۆسیبرنتیك، علم كنترل ذهن، ترجمه مهدی قراچەداغی، انشارات شباهنگ، تهران .

## سەرچاوە ئینگلیزییەكان

1. Cognitive Science. Princeton, NJ: Princeton University press.
2. Francis T, Mc Andrew (2014). Environmental psychology, Gh, Mahmoodi, Tehran: Vaniya.
3. Johonson,Mark(1987)The Body in the mind the Bodily Basis of meaning
4. Sternberg R (2008). Cognitive Psychology, K Kharrazi, E Hejazi, Tehran: Samt Publication., Imagination,and Reason .University of Chicago .
5. Trieb M (1974). Stadtgestaltung-theorie und praxis, Bertelsmann Fachverlag.
6. Turner, M. (1991). Reading Minds: The Study of English in the Age of

### پەراوێزەكان

---

[١] گێڕانەوەی ئەفسانەی( شەوی گاڤارە وەكۆڵ) لەلایەن نعمەت زەحمەتكێش لە ٩/٧/ ٢٠٢٤، بەپێویستمان زانی گێڕانەوەكە وەك خۆی دابنێین:

شەوی گاڤارە وەكۆڵ، سەرەتای بەهاری كوردی، گەرمیانیان لە ساڵانی زۆر كۆنی ڕابردو، كوردانی یارسانی تاكو ئێستاش دوایین ئێوارەی زستانی گەرمیانی، واتە شەوی سیهەمین ڕۆژی بەفرانبار بە پیرۆز دەزانن، وێڕای ڕێكخستنی جێژن و دابەشكردنی نەزر و نیاز و پێكهێنانی جەم لە جەمخانەكاندا دەستدەكەن بە پەرستشێك بە زمانی كوردی بە نێو شوكر گوزاری لە خوای مەزن و فریشتەی بەهار، واتە داودی كەوسوار بۆ بەخشینی خێر و بەرەكەتی كشتوكاڵی بەخەڵك و لە هەرماڵێكی یارسانی شێوە چێشتێك دروست دەكرێ بە نێوی دانە كولانە، چێشتی دانەكولانە لە هەموو دانویلكەكانی ناوچەكەیان تێدایە، باوەڕیان وایە لەمشەوەدا فریشتەیەك نمادی زایش و ئافراندن بە نێوی گاڤارە وەكۆڵ سەردانی چێشتخانەی هەمۆ ماڵەكان دەكا و كەوچكەیك لە چێشتی دانەكولانەی ئەو ماڵانە دەخوا، وە ئەو ساڵە خەیر و بەرەكەتی كشتوكاڵی ئەو ماڵانە زیاتر دەبێ، بۆیە خانمە ماڵ كەچكەیك و قاپێك لە تەنیشتی مەنجەڵی چێشتەكە دادەنەن، وە پێیان وایە هەر ماڵێیەك ئەو چێشتەی ساز نەكردبێ ساڵی داهاتوو هەموو شێوە خەیر و بەرەكەت كشتوكالی لەو ماڵە دویر دەكەوێتەوە، وە كشتوكاڵیان بێبەرهەم دەبێت، شەوی سیهەمی بەفرانبار نە تەنیا شەوی زایشی و زیادبوونی بەرهەمی كشتوكاڵە، تەنانەت شەوی جێژنی شوكرانەی خوای مەزن و سەرەتای بەهاری كوردی گەرمیانییە .

# التجربة وبنية الصورة الذهنية في الاسطورة الكردية
# اسطورة (ليلة كافاروكول واساطير اخرى ) من منطقة كرميان نموذجا


**الملخص**

تعد اللغة والاسطورة مفهومين تربطهما علاقة وطيدة ، فاللغة مجموعة رموز (لغوية واشارية) تستعمل للاتصال و نقل الافكار وتبادل الآراء بين المتكلم و المخاطب، اما الاسطورة فهي فرع من فروع الادب و فن ىعبر عن الخيال والشعور والعاطفة بأسلوب عال، بحيث يؤثر في القارىء/ المستمع، الأسطورة قصة غالبا ماتكون خيالية و غير واقعية ، وتعد اللغة حاميا و ناقل الاسطورة عن طريق خزنها وحفظها في ذاكرة الأفراد. لذلك يتناول هذا البحث دراسة الصور الذهنية و دور الأسطورة و الاسطورة الكردية لمنطقة (كرميان) في بنائها معتمدا نظرية (تخطيط الصورة) لجونسون كاحدى نظريات علم اللغة المعرفي . اذ تعتمد النظرية على التجارب الشخصية والجسدية في تحليلاتها و ربطها المفاهيم المجردة بالمفاهيم المجسدة عبر بناء علاقة بين التجارب الشخصية للمتكلم و تفاعلها مع الواقع .



**الكلمات الدالة:** *الادراك التجربة، الاسطورة ،الصورة الذهنية ،التجرب.*


## Experience and the structure of the mental image in Kurdish mythology
## The myth of (Kavarukul Night and other myths) from the Garmian region as an example


**Abstract**

Language and myth are two concepts that are closely related. Language is a set of symbols (linguistic and symbolic) used to communicate, convey ideas, and changing opinions among the speaker and the addressee. As for myth, it is a branch of literature and an art that expresses imagination, feeling, and emotion in a classy style that affects the reader and the listener. Myth is a story that is mostly imaginary and unrealistic, and language is considered to be the protector and transmitter of myth by storing and preserving it in individuals' memory.

Therefore, this research deals with studying the Mental image and role of Kurdish legend of Garmian region inits construction , depending on Johnson's (image mapping) theory as one of the theories of cognitive linguistics in which it depends on personal and physical experiences in its analyses and linking abstract concepts with the concrete ones by constructing a relationship between the speaker's personal experiences and their interactions with reality.



**Keywords:** *perception, myth, image scheme, experience.*